مرۆڤکان وەکو خۆیان ببینن: نەوشیروان مستەفا لە نێوان تاوانباری و فریادڕەسیدا

شاخەوان شێش

ئەگەر بمانەوێ لە مژوومان بگەین و ئەگەر بمانەوێ دواڕۆژکی ڕەشن بۆ داهاتوو دروستکەین، دەبێ دان بەراستیەکاندا بنێین، دەبێ مژووی رامیاری کوردستان وەکو خۆی ببینین. دەبێ بتوانین باش و خراپ لەیەکتر جیاکەینەوە و مژووی کەسەکان وەکو خۆی ببینین. نەوشیروان مستەفا یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە مژووکەی هەلسان و دابەزینی زۆری بەخۆیەوە دیووە، ئەگەرچی بەم دواییە سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی گۆرانخوازی دەکرد و مەرکی ئەرێنی دیاری نواند، مژووی رابردووی بەشکن لەو کەسایەتیە.

نەوشیروان مستەفا یەکێ لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سکرتێری پێشووی کۆمیتەی ڕێنجدەرانی کوردستان لەماوەی خەباتی چەکداری یەکیتی لە شاخدا لە سیاسەتی پاکتاوی لایەنەکانی دیکە لە گۆڕپانی خەباتدا ڕۆلێ دیاری هەبوو، وەکو سەرکردەیەکی مەیدانی لە شۆڕشکانی ناوخۆدا بەشداری ڕاستەوخۆی هەبوو، بەیاری گۆڕبارانکردنی پێشمەرگەی دیلکراوی بەسەمینەوە داوە و خەیشی ڕاستەوخۆ پێشمەرگەی دیلی گولەبارانکردووە. بەنمونە کۆمەکوژیەکەی ئاشقوڤە، قرانقە و پشت ئاشان، یا گولەبارانکردنی پارتیزان و فەرماندەی هەرەمی ١٤ی سۆسیالست عەوڵا سور بەدیلی لەلایەن خەیوە ڕاستەوخۆ. بەمجۆرە نەوشیروان مستەفا یەکێک بوو لە تاوانبارە سەرکیەکانی شۆڕشی ناوخۆ.

لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا نەوشیروان مستەفا وەکو سەرکردەکانی دیکەی یەکێتی بەشداری کەم یا زۆر لە هەنگاوەکانی یەکێتیدا هەبووە، لەشۆڕشی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی لە ناوڕاستی نەوەتەکاندا ڕۆڵی هەبووە، وەکو سەرکردەباڵاکانی یەکێتی، پارێزکی زۆری بەرکەوتووە، موچەی باڵای هەبووە، زۆری بەرکەوتووە، لە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتیدا بەشداری هەبووە. لە نەخشکردنی سیاسەتی یەکێتی ڕۆڵی هەبووە، بەکورتی لە گۆندۆڵەی و تاوانکاندا بەبەری نەبووە. بەنمونە دابەینی داهات و سامانی گەل لەژێرناوی

خەباتی شاخدا کە یەکێتی و سەرکردەکانی کردیان هەمووی سەد لە سەد گەندەلی و تاڵانی داهاتی گەلە. نەوشیروان مستەفا یەکێک بووە لەوان.

لەدوای ساڵی ٢٠٠٧ وە لەبەر هەر هەیەک بێت، نەوشیروان مستەفا خۆی لە ڕووتی یەکێتی جیاکردەوە و بزوتنەوەی گۆڕانی پێکهێنا، کە بەشوێکی سەرکی خەڵکی نارازی ناو یەکێتی بوون. نەوشیروان مستەفا و بزوتنەوەی گۆڕان سودیان لەو دەنگە یاخی و سەربەخۆیەوە وەرگرت کە دەمێک بوو بەگژ دەسەڵاتی ناڕەوای بنەماڵەیی و ڕەکەوتنی نائیشتیمانی ففتی ففتی هاواری بوو.

بزوتنەوەی گۆڕان توانی دەنگێکی ناڕازایی گونجاو و بەهێز دژ بە دەسەڵاتی ناڕەوای بنەماڵەیی دروستبکات. ڕەگی سەرکی بزوتنەوەی گۆڕان بوو توانی بە یەکجار لەمژووی سیاسی باشوری کوردستاندا لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ دا ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەمانە لاوازەکەی کوردستان دروستکات و ئومێدێک بەر پرسەی دیموکراسیە ئیفلیجکراوەکەی باشوری کوردستان بخاتەوە. ئەو گۆڕانکارییەی ئەوسا گۆڕانکی ئەرێنی هیوابەخش بوو بە ئاراستەی دیموکراتیزەکردنی کوردستان لەدوای چەقبەستنەکی درێژماوەدا.

بەڵام لە دوای هەڵبژاردنی نوێ و دروستکردنی حکومەتی بنکەفراوان، بەمجۆرە نەهێشتنی ئۆپۆزیسیۆن لەپەرلەمانەدا، بەپێچەوانەوە پاشکشێیەکی کوشندەبوو لە ڕەوتی دیموکراتیزەکردندا ئەگەرچی سست ولاوازیش بوو. هەروەکو بوونی ئۆپۆزیسیۆن پێداویستیەکی هەرگرنگی بۆئەملاو ئەولای دیموکراسیە. بزوتنەوەی گۆڕان پەسندی نەمانی ئۆپۆزیسیۆنی لەپێناو دەسەڵاتدا کرد.

هەوڵکانی ئەندامانی بزوتنەوەی گۆڕان لە پەرلەماندا بە چاکسازی و چوون بەرەو سیستەمێکی دیموکراسی دوای نائومێدبوونیان لەدەسەڵاتی بنەماڵەیی سەریانهەڵدایەوە و زیندووکرانەوە، بەجۆرە لە جەرکان بوونە ئۆپۆزیسیۆن لەناو زگی حکومەتدا، کە دواتر هەوێی گەرینی سیستەمی سەرکایەتی و ڕەگگرتن لە دووبارە درێژکردنەوەی ماوەی سەرکبوونی مەسعود بارزانی لەرگەی پەرلەمان و پرسە دیموکراسیەکاندا، بووە هەی لەکارخستنی پەرلەمان و سەپاندنی دەسەڵاتی حزبی و هەشتنەوەی مەسعود بارزانی وەکو سەرێک بەزەبروزەنگ و میکانیزمە نادیموکراسیەکان. بەشداری گۆڕان لەدەسەڵاتدا هەڵەیەکی کوشندە بوو، چونکە یەکەم بەشداری لە حکومەت لەگەڵ ئەوانەی کە بە گەندەڵ و تاوانبار ناوزەدکران

پەسندکردنەوەی دووبارەی ئەوانە، دووەم بنەماڵەی بارزانی هیچی ئەوتەیان لە ڕەوتی خەیان نەگەیی و درێژیان بە سیاسەتی بنەماڵەیی خەیاندا. گەران لە راستیدا بژارکی دیکەی لەبەردەمدا نەبوو یا دەبوایە مل بە تاوان و ناڕەوایەکان شەکا یا جولەیەک بکات و ئەوی خراپی کردووە چاکیکاتەوە.

نەوشیروان مستەفا وەکو چۆن تاڕادەیانی و بارزانی ڕەتیانکردەوە ببنە سەرکی پەرلەمان یا حکومەت، چونکە لەبەرژەوەندیاندا نەبوو، ئەویش نەبووە سەرکی پەرلەمان، ئەوەش پاشکشە و خۆلادان بوو لەبەرەوو بوونەوەی ڕاستەوخۆی دەسەڵات. نەوشیروان مستەفا لەناو گەل نەبوو و لەگەڵ خەڵک نەمایەوە، خەی لە ڕووداوەکان دوورەپەرێزگرت. ئەوەش دووبارە خاڵی لاوازی ئەو وێنە دەکەن. ئەوە ئەگەر نەوشیروان مستەفا بەوای تەواوی بە سیستەمی پەرلەمانتاری هەبوو و هیوای پەرلەمانێکی بەهێزی دەخواست.

نەوشیروان مستەفا ڕابرووێکی پێشنگداری نەبوو، بەکو ڕابردووی ئەو تێژیە لە تاوان و پێشێلکاری، ئەو تاوانانەی نەوشیروان مستەفا کە وەکو سەرکردەیەکی یەکێتی ئەنجامیدان کەن دەبن بەهام وون نابن، ئەگەر دادوەری هەبوایە دەبوایە ئەو لەسەر ئەو تاوانانە بدرێتە دادگا. دیارە لە کوردستانی ئەمڕدا تاوانبارە دەسەڵاتدارکان نادرێنە دادگا، هەروەکو نە ئەو و نە هیچ یەکە لە پاڕاوانکانی شەی ناوخە نەدرانە دادگا. نەم بیستووە نەوشیروان مستەفا داوای لێبووردنی لە کەسوکاری قوربانیان کردبە. ئەو مەژووە نەرێنیە بەشەکی دیارە لە مەژووی خەباتی سیاسی نەوشیروان مستەفادا.
مەژووی دوای ٢٠٠٧ و دروستکردنی بزوتنەوەی گەان، و بەرەوروبوونەوەی سیستەمی خەسەپێنەری بنەماڵەیی و حزبی چەکدار، ئەو مەژووەیە کە وەرچەرخانەکی گرنگ و دیار لە مەژووی سیاسی ئەودا تەمار دەکەن، مەژووکی ئەرێنییە لە ڕەوتی دیموکراتیزەکردنی سیستەمی سیاسی باشوری کوردستان، ئەوەش لایەنە ئەرێنیەکەیە لە مەژووی ئەو مرۆڤدا.

بەرەوروبوونەوەی دەسەاتی مافیایی و بنەماڵەیی خەسەپێنەر و نادیموکراسی، هەوەکانی بردنی سیستەمی سیاسی کوردستان بەرەو ئاقارکی ڕەواو دیموکراسی بەر لە دروستبوونی بزوتنەوەی گەران لە ئاستی تاکەکاندا هەبوون، بەهەموو کەموکەیەکانیەوە بزوتنەوەی گەان گەنکی باشی بە هەولکاندا، ئەستا ڕەوتەکە بەگشتی سستکراوە، بەهام بەگومان هەر بەردەوام دەبە. چونکە دەسەاتکی هەواتر لە دەسەاتی دیموکراسی و دەسەاتی گەل نییە، ئەوەش تەنها

ڕەگەزیە کۆ ئازادیخوازن بۆی دەچن.

شاخەوان شەش
2017-5-19

ڕەهەندی سێهەم (کۆمەڵناسی جیاوازی ڕوانگەی نێوان کۆمەڵگا و ئۆپۆزیسیونی کورد)

شاهۆ حوسینی

پێشەکی:

بەرەوچوونی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری خولی دوازدەهەم لە ئێران بوو بەهۆی زۆق بوونەوەی هەرچی زیاتری کۆڵەن و قەڵشی نێوان ڕوانگەی کۆمەڵگا لەناوخۆ و ئۆپۆزیسیونی کورد لە دەرەوەی کوردستان، کۆڵەن و قەڵشێک کۆ ئاگەر خوێندنەوە و خەسارناسێ نەکرێت لە درێژدا دەتوانێ ئەو قەڵش و دابرانە قوڵتر و قەیراناوی‌تر بکاتەوە، دیارە ئەو دەرکەوتەیە دەکرێ لەزەر لایەن و بوعدەوە ئاوری لە بدرێتەوە و تیشکی بخرێتە سەر، بەڵام ئەو نووسراوەیە هەوڵ دەدا بە کۆمەک وەرگرتن لە چەمکی " دابرانی بەرکەوتەکان" وەک یەکەمک لەگرینگترین و ئەکتیوترین کۆڵەنەکانی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگادا، بەجێخت کردن لەسەر ڕەهەندی بەرەی میژوویی مانهایم ، تیشک بخاتە سەر ئەو جیاوازیە. مانهایم لە ڕەهەندی بەڕەی مێژوییدا لەسەر ئەو باوەڕیە کۆڵەنی نێوان بەرەکان و دابرانی بەرەکان ئاکامی حەتمی ئەزموونی جیاوازی بەرەکانە لە ڕەوتی مێژوییدا, ئاگەرچی توێژینەوەی کۆمەڵناسانە بەکۆمەک وەرگرتن لەو چمکە زەر کەن نیە، بەڵام توانیوەتی ببێتە بنەمای توێژینەوەگەلکی زانستی کە دەرئەنجام و ئاکامی باشیان لە کەوتەتەوە.

دابرانی بەرەکان:

دابرانی بەرکان وەک چەمکێک نیشان دەر و ئاماژەیەکە بۆ جیاوازی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و جیاوازیکی مانادار لە هزر و باوەڕگەلی تاک کە ڕەگا پشاندەر و نەقشە ڕەگای کردوەی تاکەکانە، خاوەن ڕایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئاوەگاری بەربەاو و خەرا لەناو کۆمەڵگاکان و پەوەندی بەربەرین و بەردەوامی نەوان کۆمەڵگاکان بەتایبەتی لەپاش شۆرشی سنعەتی و لەدرژەدا شۆرشی تەکنەلۆژیکی، دابرانی نەوان بەرکان وەک قۆناغ و کەلەنەکی کۆمەڵایەتی زۆقتر و گرینگتر کردوە، ئەگەر لە کۆمەڵگا نەریتەکاندا ئەوا نەریتە کۆمەڵایەتەکانی سەرچاوە گرتوو لە پەوەندی هەرارشیکی بنەماڵەیی، گورساڵاری و عەقانییەتی زەرورەتی ملکەچ بوون بە نەریت و نەرمەکان ئەرک و ڕۆڵی کۆمەڵگر کردنی چین و بەرە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای لەئەستە بوو، ئەوا ئاوەگاری لە سیستمی پەروەردە و بارهێنان، پەرەی زانستگا و زانستی مەدەرن، هاتنە ئارای کەرەسە و ئامێر گەلی تەکنەلۆژیکی مەدەرن، دەور و نەقشی گورەکان و بنەماڵەی لە کۆمەڵگر کردنی بەرکان کەمرنگتر کردوە، بە جۆرە کە پەکهاتەی پیوەندی مانایی و ڕواڵەتی تاکەکانی لەگەڵ بنەماڵە و کۆمەڵگا گوری و لەجیات عەقانییەتی ملکەچ کردن بە نەرم و بەها کۆمەڵایەتەکان، عەقییەتی شک لە بەها و نەرمە کۆمەڵایەتەکان و ڕوانگە گەلی جوارجۆر و جیاوازی لەمەر ئانتەلۆژی و ئیپیستمەلۆژی بەها و نەرمە کۆمەڵایەتەکان هێنایە ئاراوە. ئەو ڕوتش بگومان دگەڕتەوە بۆ پەرەی زانیاری و زانست بەتایبەتی لەپاش پەرەی تەری ئینترنێت، ڕایەڵگشتەکان، سەشیال میدیا و کەرەسەکانی تری ڕاگەیاند کە وەک شۆرشی زانیاری پیناسە کراوە. ئەو ئاوەگریانە بوونە هەی جیاوازی لە فام، خوێندنەوە، بەچوون و کردوەی نەوان بەرکان لەبەرامبەر دەرکەوتەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و ئابووریدا.

مانهایم لە ڕەهەندی بەرەی مەژوویدا تیشک دەخاتە سەر ئەو دەرکەوتە گرینگە مەژوویانەی کە لە بازنەی جوغرافیایەکدا و لە دوریەکی مەژوویی دا هەل و دەرفەت دەرەخسێنن هەتا تاکەکان بەیەکەوە و لە تەعامول لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ دەسکەات، ئەزموون و تەجرەبەیەکی هزری و مەعریفی جیاوازیان دەست بکەوێت، بە وتنە لە پەکهاتەی نەزمی جیهانیدا دەتوانرێت ئاماژە بە ڕووخانی سیستمی دوو جەمسەری و عەقییەتی چەپی ئەرتەدکسی، پەرەی خەباتی مەدەنی و سەرکەوتنی ڕەوتی ڕەفەرمخوازانەی دەموکراتیزسیون لە وەاتانی جەراوجۆر بکرین و لەناوخۆش ئەمە دەتوانین باس لە دەور و نەقشی خاتەمی بکەین کە لە ساڵی ٧٦ را هەتا ٨٤ وەک سەرەک کەمار، بە

لابردنی سیستمی گوزینیش لە زانکۆکان مەجال و دەرفەتی ڕەخساند کە بەشیوەیەکی بەرین خوێندکاری کورد لە بەشەکانی زانستی سیاسی، فەلسەفە، یاسا، کۆمەڵناسی و لە ئاستەکانی ماستەر و دکتۆرا وەربگیرێن، لەهەمان کاتدا بەستێن و زەمینەی ڕەخساند کە بەشێکی گشتەکانی وەک ڕۆژنامە، گۆڤار، حەوتەنامە، دووحەوتەنامە و بەشێکی خوێندکارەکان بەشیوەیەکی بەرین دەربچن، هەروەها مەجالی چاپ و بڵاو بوونەوەی ڕۆژنامەکی زۆری کتێب ڕەخساند کە پێشتر هەبوو بەڵام بوون، ئەو ڕووتە لەناو کۆمەڵگای ئێران بگشتی و لەناو کۆمەڵگای کوردی بە تایبەتی بوو بە هۆی بەرهەم هاتنی بەرپەکی جیاواز لەگەڵ ئەو بەرپەی کە هەگبری عەقڵیەتی شەرش و شەر و بەرخۆدان بوون، بە جۆرێک کە بۆی تازە هەگبری عەقڵیەتیک و فامکی جیاواز بوون. ئەو بەرپە ئۆگرچی دردوونگ و شل بوو لە پێوەندی و هەواهەنگی لەگەڵ هاوبەرەکانی تری لەناو زریەنە، بەڵام وردە وردە بە تێکەڵاو بوونی نووخبەکان لەگەڵ بەرەی نوخبەی زریەنە بەرە بەرە لێک نزیک بوونەوە، دیارە ئەو لێک نزیک بوونەوەیە بەمانای هاوئامانجی و هاو خواستی لە بیدایەتی خۆیدا نیە، بەڵام بە پێی سیگناڵەکانی پەرەی ئەو عەقڵیەتیە، ڕۆگای دەرباز بوون لە قەیرانی داپڵەسانەدن و سڕینەوە، سەرکەوتنی دەموکراسی لە کۆمەڵگادایە و ئەو دەموکراسیەش بەرهەمی ڕووتێکی هەنگاو بەهەنگاو لەلایەن کۆمەڵگای مەدەنی و ئەرگانکانتی.

ئاکام:

مانهایم بۆگشتی لە تێئۆری بەرەی مێژویدا پێداگری لە سەر چەند خاڵ دەکات:
یەکەم: ڕووداوی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی، سیاسی و مێژوویی لە کۆمەڵگادا، ئاڵوگۆریکی کە بتوانێ هێژمانی عەقلیەت و گوتاری کۆمینەیەکی زاڵ لەرزێک بکات و گوتارە پەراوێز خراوەکان بنەتەوە ناو کۆمەڵگا.

دووهەم: ئەزموون کردنی ئەو ئاڵوگۆریانە لەنوان تاکەکانی هاوپێل و هاو تەمەن، بجۆرە کە ببێتە ئەزموونیکی کۆمەڵایەتی هاوبەشی بەرپەی.

سێهەم: بەدی هاتنی عەقڵیەتێک و زەینیەتێکی هاوبەش کە جۆرێک مەعریفەت، دەرک و فامی هاوبەش ساز بکات.

چوارەم: کارتێکردنی ئەو زەینیەت و مەعریفەتە لە سەر کردەوە و

هەسووکەوتی بکرێ.
بەو پێیەش دەرکەوتنی ئەو ڕووتە دەبەتە هەی ئەوکە ئاڵوگۆڕی لە بنەمای باوەڕی تاکەکانداسازببێت، ئاڵوگۆڕی لە پەوەرکانی ئەرزشی و مەراڵی تاکەکان داسازببێت، ئاڵوگۆڕی لە خواست و ویستەکانی تاکەکانداسازببێت، ئاڵوگۆڕی لە شیوەی ڕووبەرووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوەکان لە هەناو و زەینی تاکەکانداسازببێت.

ئاوردانەوەیەک لە مێژووی سەرهەڵدانی ئەپەزیسیونی کوردی دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە کاکڵی هزری و پێکهاتەیی ئەو ئەپەزیسیونە لەژێر هەژمونی چەپی ئەرتەدەکس و نەزمی دووجەمسەریداسازبوو، هەر بەو پێیەش کردەوە و خواست و ویستی ئەو ئەپەزیسیونەی کە لەخۆگری بنەڕەتیەکی هزریە، سەرچاوە گرتووی ئەو سەردەمە میژوویەیە، دەکری ئەوە ڕووتەوەک ڕەهەندی یەکەمی بزاڤی کەمەگای کوردی چاوی لێبکرێت. بەڵام لە درێژدا و گەرانی کەش و هەوای سیاسی، کەمەیەتی و کلتووری هەم لە پێکهاتەی نەزمی جیهانیدا و هەم لەناوخۆ بەستەن و زەمینەی ڕەخساند بۆ سەرهەڵدانی بنەڕەتیەکی تر کە هەم لە هزر و عەقڵیەتدا و هەم لە کردەوەدا جیاواز لە ڕەهەندی یەکەم دەرکەوتوون، دەکرێت ئەمەش وەک ڕەهەندی دووهەمی بزاڤی کوردی پێناسە بکرێت.

باوەڕی نووسەری ئەو دێڕانە ئەوەیە کە هیچ کام لەو بۆچوونە نەکەمیان لە ناکرێت و ناشتوانرێت کە نەبیندرێت، هەر جۆرە حەوڵێک بۆ نەدیتن و پشتگوێ خستنی ئەو دوو ڕەهەندە ئاکامی پێچەوانەی هەیە، کەوابێ لەک تێگەیشتن و لەک نزیک بوونەوە بۆ زیاتر کارتێکەر بوون و زەرتر دەسکەوت وەدەست خستن زەرووڕتێکی حاشا هەڵنەگرە، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە کەمەگای کوردی پێداگری لەسەر گوتارێکی نەتەوەیی بکات کە داللی ناوەندی ئەو گوتارە دیموکراسی بێت و ڕەهەندی درەختی خەبات وەک مەتەدیکی کەن جێگای خەی بداتە ڕەهەندی ڕایزماتیکی خەبات وەک مەتەدیکی نوەی خەبات.

کۆمان کۆمان گۆڤانەوە ... 63 ... کەریم کاکە

یادەوەری

٦٣

گۆی کۆساران چەند جوان پلکە مەتڵی ژنی مەلا رەوەندەکەی دڵە گاڤانی دەگۆڤایەوە، ئەو مەلایەی تاقە مەلای رەوەندا بوو، خۆزی ئێستا ئەو گۆەی کۆساران لێرە دەبوو، لە هێدەکەی خۆی، هێدەی پیری سوارچاکان، لێرە دەبوو، گۆی لە قسەکانی پلکە مەتێ دەبوو، چۆن خۆشی شکاو و زۆر شت دەگۆڕتەوە، پلکە مەتێ هەر کەرەتێ ناوی گۆی کۆساران دێنێ شەپۆك لە رانی خۆی دەدات و دەڵێ:
حەیف! بۆ ئەو ژنە خانەدانە
ئاگام لێیە پیری سوارچاکانیش لەگەڵ هەر حەیف و شەپۆکی پلکە مەتێ، ئاهێکی قووڵ هەڵدەکێشێ، ئاهێکی سارد، سارد مینا پرووشەی بەفرێ، ئێستا بەفر پرووشەی دەکات، من پێیەکم لە حەوشێیە، پێیەکم لە کن سێبەی عەلادین کە نێوان پیری سوارچاکان پلکە مەتێ ئاگرێکی هەیە کەسك کەسك، کەسکتر لە چاوە کەسکەکانی پلکە مەتێ، ئەو چاوانەی دەتگوت رەنگیان لە قەزوان وەرگرتووە، کۆەکەشی کە ئەوەتا لە بن پەنجەرەکە پشتی بە دیوار داوە، گوتبووی: جۆ جۆ بەهاری دڵە گاڤان گەڕاوم، بنە گیایەکم نەدیتەوە وەك چاوی دایکم کەسك..
چاوی کۆەکەی شتێك لە کەسکایی چاوی دایکیی تێدابوو، حەیف دواتر چاوەکانی لە دەستدا لە ڕۆبانان دەستێکی بە گۆچانەوە و دەستێکی لە سەر شانی کوڕێکی، لە قسان قسەی بە قورئانەکەی بابی گوتووە، قورئانیش هەستاوە هەردوو چاوی کوڕکردووە! لەوە گەڵێ، لە چاوی کۆ گەڵێ، با بزانین لە زاری دایك چ دەبارێ، ئەو ڕۆژە زاری پلکە مەتێ لە دیدی منەوە لە ئاسمان دەچوو، لە دەرێ پرووشەی بەفر و لە ژێرێ پرووشەی وشە، تێدامابووم، بچمە حەوشە و دەست بۆ بەفر بکەمەوە، یان لە نزیك سێبەی ئاگر کەسك دانیشم گۆ بۆ قسەی پلکە مەتێ رادێرم.
ئیدی پێیەك لە دەرێ، پێیەك لە ژێرێ، بۆیە هەمی قسەکانی پلکە مەتێم نەژنەوت، بەڵام ئەو هێندەیەی کە بیستم ، ئەگەر لەبیرم مابا، ئێستا کتێبێك بوو، قسەکانی وی گۆمێك دەبوون، تەنێ گۆلمێکم لەو گۆمە لە یادە، ڕووی قسەی لە پیری سوارچاکانە:
ئەمەکداری، تێ ئەمەکداری، چاوم کزە، بەڵام باولەکە دەناسمەوە، تا

ئەستا پاراستووته..
هەناسەیەکی زوقمی لە پیری سوارچاکانەوە:
نەەەن خەرەفاوە، دەەەم ئەو باول و خاخ و بەردە بخەنە گەەەکەمەوە..
لە پلکە مەتەوە پکەوتم، باولەکە هی خەجی نەنکمە، خەجی دایکی بابم، ئەو خەجیەی بابم وا بە ئەمەی دەناساند: ((ژنکی تا دەستهەبەی کەەگەت، رەشتارەی مەوژی، چاو ترییی، بر گوەە گەنمی رەژگوی، پەنجەی شووشوو باریك، کەپوو نەختە گەورە بەام لە کەپووی من جوانتر، قەسپی هەکەوتبوو، چاو…))
پلکە مەتە، لەگەە ئاودیوکردنی هەر دنکە تەزبحك، رستەیەکی دەگە، چەند جوان بە پەنجەی وردیلەی سپیکەلەی لچ تکەوتوو، دنکە تەزبحی بە دیوی خیدا ئاودیو دەکرد، لەوە جوانتر و شیرینتر لە زاری گویەوە، ئا، زاری لە گوەەکی کەمك پەژموردە دەچوو، لەو زارەی گوەەیەوە بانی رستەی بە هدەکەی پیری سوارچاکاندا دەپژاند، خودایە، چەند هەنگوینی خەجە و باولەکەی دەگەەایەوە، پلکە مەتە پارچەە دەبە کاتە خەجە بە پیری سوارچاکان بە بووك دەچە، ئەو باولە لە ناو جیازی بووکە دەبینە، دەیناستەوە، ئەوەتا دەەە:
حەیف بە تە خەجە، خت لە ناو گی بانەقەراتە، باولەکەشت لە هەولر، بە پشت سەری مردەکەتەوە، هی، هەینە کل و کلچووك و شانە و نەینك و.. تدا بوو، ئەدی ئستا؟!
پیری سوارچاکان دەەە:
حەیف، ئستا تەنە..
لەو کاتە بە ناخری گیانم، حەزم چووە پرووشەی بەفر، چوومە حەوشەو دەست و سینگم بە ئاسمان گرتەوە، وەیش، ئەو ئاسمانە، چەند چدایە، نابارنە، بەفر نابارنە، تا ئستا زەوی سپی نەکردووە، شەە بەفرمان نابە، چاوەەی کەویار و فازیل رحانەشم بن، نەهاتن، ئەگەر نەهاتن من دەچم، ئاخر ناکر، ئاسمان نیازی بەفری هەبە و ئەمە پکەوە نەبین، دەی، تا کەمە بەفر دەکەوە، با بچمەوە لای زاری پلکە مەتە و بزانم چی لە دەبار..
پلکە مەتە روو لە پیری سوارچاکان:
ئەر من تنەگەیشتم، گەەی خەجە، لە کەوتە بانەقەرات؟
پیری سوارچاکان چی نەگت، دایکم هەیدایە:
وەك من بزانم لە داخی(…) بوو، نەیویست کە بە زیندوتی پی لە سەر سەری داناوە، بە مردوتیش پە بخاتە سەر گەەکەی، دەیویست لەو دوور بە..
پیری سوارچاکان روو لە دایکم:
بەس، کچم، ئەو کایە کنە بە با مەکە.

روو لە سابیتەی خانووش گوتی:
ئاخ! خەجێی من، دوو ژنم بە سەرت هێنا، برێت تێکنەنا، گەردنمت ئازاد نەکردبێت، پێم بە بەهەشت ناکەوێ.
بەڕام بابم بە بیری بابی هێناوە کە دایکی گەردنی خۆش و ئازادکردووە، بەبیریهێناوە پێشەوەی بێ:
بمبەنە بانەقەرات، گوتی: قادرێك گەردنی تێ و کوڕە گچکەکەشم خۆش و ئازاد بێ.
پیری سوارچاکان بەبیریهاتەوە و گوتی:
وایە، دەستەوەبیرم بە تێشی گوت:
کوڕە گەورەکەم پێویستی بە گەردن ئازادیی من نیە، چوونکێ خێی بەهەشتیە.
وەبیرمدێ، زۆر شاییم بەوە هات، کە نەنکە خەجێم بابمی خستێتە رێزی بەهەشتییانەوە.
} لەو رۆژانە، رۆژانی گەڕانەوەی کەڵان کەڵان، شوانە گچکەڵە کە ئێستا مووی رەش بە سەر و ردێنیەوە نەماوە، وای گەڵایەوە: وەك خەون دەتەوەبیرم، دوو فەردە کای شیشکوتیان خستە سەر پشتی هێسترێك، تەشکەبەڕیان لە سەری راخست، نەنە خەجێ کە پەکەکێکی سپی لێوە پێچرابوو، لە ناو جاجمکیان لوولدا، بە چوار پێنجێ هەیانگرت و لە سەر پشت و هێستر و لە نێوان هەرد و فەردە کایەکەیان درۆزکرد، هەچەیان لە هێستر کرد، بە لای کانی پیاواندا لۆژبوونەوە، کەوتمە دوایان، گەڵامیانەوە، گریام، بە یەك دوو کلێ شەکر گیریانکردمەوە..{
پلکە مەتێ، رووی رووەو دەلاقەی نێوان دەرگاو پەنجەرە وەرگەڵا و روو لە پیری سوارچاکان:
بە من بڵێ، ئەو خرخاڵە چیە لەوێ؟
پیری سوارچاکان چی نەگۆ، کەس چی نەگۆ، وا پێدەچوو خۆشی چاوەڕێی چ گۆتنی کەس نەبێ، گوتی:
دەیناسمەوە، کوو ناینناسمەوە، من نەیناسمەوە کێ دەیناسێتەوە!
روو لە پیری سوارچاکان:
مەگەر تێ..
ناسیەوە، پلکە مەتێ خۆخاڵە شکاوەکەی ناسیەوە، کوو ناینناسێتەوە، سەربردەی خرخاڵ وا لە کنە وی یە، پلکە مەتێ خۆخاڵ و گوڵی کۆسارانی هێند جوان گەڵایەوە، هەقایەتبێژیش هیچ هەقایەتێکی وا نەگەڵاوەتەوە، حەیف و مەخابن، من شتێکی کەمم لەو سەربردەیە لەبیرماوە، بێجگە لە هەندێش منی بێ دەمودوو کەی دەتوانم وەك وی بیگەڵمەوە، بێیە خوێنەر هەشتیەکی ئەو تامەی لێوەرناگرێ کە من لە زاری پلکە مەتێوە وەرمگرت، پلکە مەتێ چیرۆکەکەی بە شێوەیەك

دەگ□□ایەوە من لە گ□□انەوەی سەربردە و هەقایەتان نەمبیستبوو، گاڤ□ بە ناوی خ□ی، خ□ی قسەیدەکرد، گاھ□ گو□ی کەسارانی دەھ□نایە قسە و لە سەر زاری ئەوەوە سەربردەمان دەبیست، سالح□کەی کو□یشی لەبیرنەدەکرد، تاو□کیش کەس□ك وەك ب□□ی لە دووڕەوە تەماشای کردبن و سەربردەکە بگ□□تەوە:
گو□ی کەساران و پلکە مەت□ لە ڕەشما□□ هاتنە دەڕ□، وەی لە و دوو ژنە جوانە، یەکیان هەر گو□ەکی ئەو ئاقارە چاوی هە□نایە ل□یب□وان□، ئەویدی بە چاوە کەسکەکانی بەهار کەسکتر نیشاندەدات، د□□ی د□□ە گا□ان□ ئەو□□ سبیان□ لە من س□بەر و تاوە، ج□ ج□ س□بەرە، ج□ ج□ هەتاوە، ئەو□□ چ و□ناچ□ ئاسمان با بیگر□تەوە، ئاسمان ج□ ج□ پەلە هەورە، پەلە هەورەکان نە ئەوەیە قژیان تەکەی یەکتر بکەن، نە ئەوەیە پتر ل□کدی دووربکەونەوە، هەورەکان لەو م□گەلە مە□ە دەچن کە گورك ل□یدابن، هەر سەرە مە□□ لە ج□ی کەوتب□، بەنگ□ ب□□م، هەر بە ڕاستی هەورەکان لە مە□ی ئاسمان دەچوون، ئەنگ□ دەزانن مە□ی ئاسمان چیە؟
پیری سوارچاکان دە□□:
دەزانم، مەت□، دەزانم، من لە ئاسمان شوانایەتیم کردووە.
من کەم لە قسانم هە□دەدای□، هە□مدای□:
باپیرە، لە ئاسمان شوان هەیە؟ شمشا□ت پ□بوو؟!
وە□امی پیری سوارچاکان لە یاد نیە، ئ□، لە زاری پلکە مەت□وە:
ناوی گورگ هات، گورگ پەیدا نەب□ت!
ئەوەتا ئەو دوو ژنە جەح□لە تە□پ□شە، قسە خ□شە، بە دەم قسەی ژنانەوە بە ناو بەهاری د□□ەگا□اندا بە□ەو تە□واری هەمیشە بەهار بە کاوەخ□ و بە نازەوە ڕ□ دەب□ن، بە بن س□بەر و هەتاودا، بە ناو گیاو گ□□ و خەزمە و حاجیلە و گ□□ی ب□ن گو□اودا پ□ بە پ□ هە□دەگە□□ن، د□□ەگا□ان لە چاو تە□وار لە قوو□ایی دنیایە.
سالحی ئ□ستای هەدەکەی پیری سوارچاکان و سالح□کەی هەینەش لەبیرنەکەین، ئەوەتا لە پ□شیانەوە وەك بەرخ□لەی تەر شیر غاردەدا و خ□ی لە گیاگ□□ هە□دەسو□..
+ژن□، ئەوش□ لە ما□ی ئ□وە خەونەکی زەر ناخ□شم دیت
– ژن□، خەونی ناخ□ش مەگ□□ەوە
+نەگ□□مەوە، دەم دەتەق□
– دە، بیگ□□ەوە، بە□ام هەندەك خ□شیی پ□وەربکە..
لە خەون گە□□، ک□ لەبیری ماوە!
گەیشتینە ک□تایی د□□، ئ□ستا لە هەورازەکەین، سالح□ك ماندووە، بە دوا کەوتووە، ھ□نکە ھ□نکیەتی، دە□□: دایە لە ک□□م بکە، دە□□م: کو□م، دەست بە لچکی کەو□کەمەوە بگرە، ڕاتەک□شم..

ئەستا دوو ژن و منداڵێك گەیشتنە کۆتایی هەوراز، بانیی نەرگزان بە دیار کەوتووە، بەڵام تەواو نا، گورگ! وای گورگ! {دوور نیە ڕێك ئەو شوێنە بێ کە من و بابم تووشمان بە تووشی گورگەوە بوو، بەڵام گورگەکە نابێ هەمان گورگ بێ، چوونکێ نەوان ئەو دوو گوێگە کێ دەزانێ چەند ساڵە! باوەناکەم گورگ هێندە ساڵە بژی، خێ تەمەنی پلکە مەتێی نیە{
ئەرە بە دەستی چەپ بە سەرهەدیرێکدا دەوانێ، دەستی شکاوم، وا نەبوو، زوو دەستی بگرم و نەهێلم هەدەرێ، هەدەرا، گورگی دیت و هەدەرا، ئەوەی گورگی نەدیتبێ، نازانێ چەند بەسامە، شەریش لێی دەترسێ، پلکە مەتێ دەڵێ: گورگ! خودایە، دوای گورگ ببەی..
دایکم کە زەر لە گورگ داخ لە دڵە:
خودا نەدەبوو گورگ بێنێتە دنیا، دایکت کوێر بێ، عوسمانی کوێم گورگ زراوی رژاند..
نازانم کێ بوو دەیگێ:
گورگ لە ناو کەشتیەکەی نووح زراوێ گیانلەبەرکی رژاند و ئەستاشپێوە پەیدانەبێوە..
دایکم دەڵێ:
وای لە گورگ، خواش ناوەرێتە گورگ!
پلکە مەتێ هەدەرانی گوێی کەساران دەگەرێتەوە:
ڕێ باریکە ڕێیە، ئەو لە پێشە مە دەڵێیی، سالحێکەم دابووە پێشە خێم، لە ملەکە سووڵاینەوە، گورگی عیزرائیل پەیدابوو، ئەوەتا لە پێشمان لە نزیك دار قەرەقاجە گەورەکە قیت قیت ڕاوەستاوە، من پێم دایە سالحێکەم، ئەو لە کشانەوە پێی خزی، دەستم بشکێ، دەستم نەگەیشتە دەستی، دیتم بانگرزبێوە، لە غارێبوونەوە گوێم لێیە دەڵێ:
کچێ مەتێ، گورگە گورگ..
ئاگام لە گورگ بێا، سالحێکەشم لەبیرنەما، چاو لە ڕێیەك دەگێم بمگەیەنێتە بنەبانی دڵێ، بگەمە گوێی کەساران، نازانم ڕێم دیتەوە یان بە بە غارێ بوونەوە و قوونەخشکێ گەیشتمێ، وەی خوایە، ئەو خوشکە جوانەم ئەوێ نیە دەڵێی دوو حەفتەیە مردووە، دەستم ڕاوەشاند، پێم ڕاتەکاند، فووم لە دەموچاوی کرد، خوایە چ بکەم! گوێم بە سنگیەوە نا، سوپاس خوایە، دڵی لێدەدا، دڵی لێدەدات و هەستوخوستی نیە، گوێم لە گریانی سالحێکە، سەر هەدەبێم، دەڵێی پنچکە گیایە بە تەلانەوە، وای چەند دوورە، چەند بێندە، نەوان ئێمە و کوێەکەم، عەرد و عاسمانە، گورگم بیرکەوتەوە، ترسام پێ بداتە سالحێکەم، هەناسەم سوار بوو، چاو دەگێم گورگ دیار نیە، پێ بە دەنگی دەڵێ هەیهام لێکرد، گورگ هەیهای لێبکەیت هەدێ، ئاهێکم

هاتەوەبەر، لە هۆیەای من گوێی کڕساران بەخۆهاتەوە، دەڵێ:
مەتڕ ئاگات لە منداڵەکەت بێ، گورگ نەیبا.
ئەو قسەیە زۆر ترساندمی، یەکپڕ هەستام و بە تەلاندا هەڵگەڕام، نازانم چەند هەڵگەڕأم، هێندەم زانی سالحێکەم لە باوەشە، تووممەز بە خشخشێکی هاتووە، پێکەوە چووینەوە سەر گوێی کڕساران، قیتبڕتەوە، دەستی بە پێیەوە گرتووە، دەست و پل و پێی لە چەند جێ رووشاوە، دەستم گرت و دامانەوە رێیەکەی ئەوبەر، پێی چەپی لە دووی نایە، هەر من دەزانم بە چ دەردێك گەیشتینە سەرێ، لەوێ لە بانی نۆرگزان تووشی ئەو سواڕە بووین- پەنجەی بێ پیری سوارچاکان راکڕشا- سواری ماینەکەی کرد و..
لەو ساتە پیری سوارچاکان هەناسەیەکی وای هەڵکڕشا، هەستمکرد ژووڕەکە پڕبوو لە تەمتومان، گوتم ڕەنگە هەور دابەزیبڕتە زەوی، ئاخر هەر کاتێ تەمومژ دنیای دادەگرت، بابم دەیگۆ: هەور دابەزیوەتە سەر زەوی، لەو دەمە چوومە حەوشە، بەفر لێیکردڕتەوە، ئاسمان هەلیپڕینگاندووە، حەیف شەڕە بەفرمان نەبوو، چوومەوە ژۆرێ، چیڕکی خرخاڕ نازانم گەیشتبووە کوێ، هێندەم لەبیرە، پیری سوارچاکان گۆتی:
وابوو، لەوێ خڕخاڵەکەی شکا، خرخاڵم بێی کڕیەوە، بەڕام دەستبەرداری خرخاڵە شکاوەکەی نەبوو..
ئەو قسەیەی ناوە ناوە دەیگوتەوە، ئەویشی گوتەوە:
زۆر جار مرۆڤ لە ئاسنیش ئاسنترە.
هەر لەو پایزە زستانە، سەر لەئێوارەیەك مام کوێخاش کە بەستی شەرغە بە درۆزایی شەوانی زستان چیڕکی وی دەگێڕتەوە، هاتە دیداری پیری سوارچاکان، لەبیرمە لە سەر دەرگە حاجی قەدێ لەگژ پیڕاو لەپڕکردن بوو، مام کوێخا سڕاوی کرد، بە پێڕاو حاجی قەدێم بیرکەوتەوە، پێڕاوەکەی هێند جوان و بریقەدار بوو، خۆت تێیدا دەبینی، بەو زستان و قوڕ و لیتەیە، پشکە قوڕکی پێوە نەبوو، پێدەچوو لەوبەری کەندێوە کە لە ترومبێلەکەی دابەزی جەلاتینی لە پێلاوەکەی لوولدابێت یاخود بە دەستیەوە گرتبێ، ئەو قەدیە لە شاریە کۆنەکان بوو، خزمی نزیکی پیری سوارچاکان بوو، ئێ، من چ قسەی نێوان پیری سوارچاکان و حاجی قەدێم لە یاد نیە، لێ شتێکم لە مام کوێخا لەبیرە، پیری سوارچاکان، پرسیاری تەواری لێدەکات، پرسیاری بەرد و کەستەك و دار و بار ، پرسیاری بەراو وکانی و رووبار، پرسیاری وەرد و شێ و بەیار، پرسیاری قەرسیل و گوڵە گەنم و جێ و گیاو گڵ و گوێ و گوڵزار، پرسیاری کەژ و هەوا و زەوی و ئاسمان، پرسیاری کونە تەیارە و لووڕەی گورگ و گێستان، پرسیاری هەورە تریشقە، فیشکەی مار، جۆت و خەلە و خەرمان…چی نەپرسی! پیری

سوار چاکان تەمەنێك پرسیاری کرد و هەستمکرد حەزیدەکرد وەڵامی درێژ و وردی دەستکەوێ، بەڵام مام کۆخا بە کورتی وەڵامی دەدایەوە، من دوای ئەو تەمەنە چەند پرسار و وەڵامێکم لەبیرە، نە باب نە دایکیش کە وەك من لەو دانیشتنە دانیشتبوون، شتێکی ئەوتۆیان لەبیرنیە، بابم ئەوەی لەبیرمابوو کە بابی دەپرسێ:
ئەڕۆ، ئێستاش زستانان ئەشکەوتی بەرماڵان وەك جاران چلووڕە دەکات؟!
مام کۆخا دەڵێ:
وەك جارانە، پار زستانێ، بە درێژایی ئەشکەفت، چلووڕە گەیشتبووە عەرد، تانێکی درووستکردبوو، ناو ئەشکەفتت نەدەدیت، بەو دەستانەی خۆم لە لاوە سەهۆڵم شکاند و ڕێیەکەم بێ ناو ئەشکەفت کردەوە..
پیری سوارچاکان دەڵێ:
خۆزگەم بە خۆت، من زۆر جارە ئەوەم کردووە..
پیری سوارچاکان دەپرسێ:
بە من بڵێ، تەواو هاوینان لەگەڵ ئاو چۆنە؟
مام کۆخا:
ئەو هاوینە ئاوی زۆر کەم کردبوو، پایزەکەی پێش بارین، ئاوێکی وای نەمابوو
پیری سوارچاکان نەرم دەستی بە سەر بەردی پیرێزدا داهێنا و گوتی:
بیری بەردی پیرێزیش؟!
مام کۆخا:
ئەویش، وا بڵێ چەند ساڵێکیتر، چڵەی لێدەبڕێ
پیری سوارچاکان:
ئەگەر وابێ، دنیا ڕوو لە وشکبوونە..
من لەبیرمە نازانم تۆ! ئەگەر لەبیرت نیە، وەبیرت دێنمەوە گوتم، بەستی شەرغە چیرۆکی مام حەمەدەمین کە ئێستا مام کۆخای دەڵێنێ، دەگێڕتەوە، چیرۆکێ لەو چیرۆکانە: کۆخایەتیەکەی لە دوای ڕووداوەکەوە هات، لەوەوە هات کە لە هەموو شت کەوت و لە ماڵی برا گەورەکەی کەوت، ئەگەر جاروبار لە بەر ماڵان چووبێتە بەر بەرخان یان سەردانێکی تەواری کردبێ، دەنا هەر لە ماڵێ و لە سەر کێسپی دەرگا دادەنیشت و دەیوانیە دنیایێ..
ئەو پیاوە پێش ڕووداوەکە لە لەشسووکانی هەردوو بەری بەستی شەرغە بوو، عیدە خودا لە دۆ دەوی بدات، وای بەسەرهێنا، عیدە چەند سەر بزنێ دەدزێ، هەینێ پیاوی کۆخا دەبێ، عیدە پیاوێکە، بە دەم و پل، دێ، لە کن کۆخای دێ دزیەکە بە مل مام حەمەدەمیندا دێنێ، ئەویش دیارە زۆر بێ دەم و دووە و ناتوانێ لەسەر خۆی لا ببات، ئیدی بە ملیا دەبڕێ، کۆخا هەردەستێ مام حەمەدەمینی هەینێ و مام کۆخای

ئەستا لە دار دەبەستێ، دارەکە تا درەنگ مابوو، ناوی بە (داری غەدر) ڕەیشتبوو، دارەکە لە دەو بەستێیە، بەو چلەی زستانە بە گوریس لەو دارەی دەبەستنەوە، کۆخا دەڵێتە عیدە:
لێیدە، بیکوتە، ئەو بەستە جێی دزی لێنابێتەوە.
عیدە بە داری ڕوولکە وەریدەگەڕێتەوە، ئەو شەوە مام کۆخا لە ناو زووقمی زستانێ بە دارەوە دەمێنێتەوە، نازانم کێیە هاوار بۆ پیری سوارچاکان دەنێ، بەڵام تا دەگاتێ، ڕۆژ دەبێتەوە..سبەی زوو، کۆخای گوندی دەڵێ:
بۆن، بیکەنەوە، ئەگەر مردووە، فڕێدەنە پێش سەیان، ئەگەر زیندووە، پێبڵێن بیبینمەوە بە زیندوێتی دەرخواردی سەیانی دەدەم..
سەری خێی هەدەگرێ و ئیدی لە هەموو شت دەکەوێ، لەوەوە ناوی دەبێتە مام کۆخا، لەبیرمبێ، کاتێ ئاشکرادەبێ، مام کۆخا بۆ بەریە لە دزیەکە و عیدە ئەوەی کردووە، کۆخای گوند دەمێکە دنیای جێهێشتووە..
ئێ، هەنووکە کێ بە دیار پیری سوارچاکانەوە دانیشتبێ، باشە! شێخە شەل، ئەو پیاوەی دواتر بیستم شارێك بە هەموو گەڕەك و کۆڵانەکانیەوە هاواریاندەکرد:
بژی گەل، هێزی گەل
مام ڕەحمان و شێخە شەل
بابم دواتر دەیگێڕایەوە کە زۆر جار بە شێخە شەلی گوتووە:
بەلاشە، ئەو حوکمەتە بە چەپڵە ناڕووخێ.
ئەویش گوتبووی:
زۆر جار چەپڵە لە گوللە کاریگەرترە.
حەیف، شێخە شەل درەنگ گەیشت، ئاخر پیری سوارچاکان ئاگای لە خێی نەمابوو، یەك ناوی بە زاریدا دەهات، ئەویش گوێی کێساران بوو:
بۆنە دووی، بیهێننەوە، نەیبینم، نابێ.
وەبیرمدێ ئەو پیاوەی گوێی کێساران ناوی دەهێناو دەیگێ:
بیگرن، هات، دەمکوژێ..
ئەو پیاوە گێتی:
کەس بۆی نیە بچێ بە دوایدا، چوونکێ لە وەختێ مێردەکەی خێی بەجێهێشت، نەدەبوو بەجێیبهێڵێ.
بابم دەڵێ:
بەڵام بابم دەڵێ: بێتەوە، بۆیە دەبێ بێتەوە، من دەچمە دووی
ئەو دەڵێ:
شتی وا نیە، بزانە، بچیە دووی، بەینمان تێکدەچێ و ناتناسم.
بابم تێدادەمێنێ، پێیەکی دەچێتە پێش، پێیەکی دەچێتە پاش، بچێ ،

نەچ! وەبیرمە بابم لەی پایەوە کە رگری لنەکات و با بچتە دوای گوی کساران، بەام ئەو لە کەلی شەیتان نەهاتە خوار و گتی:
ئەو پیرژنە بی نیە سەر بەو ماەدا بکاتەوە.
دایکیشم دەیگ:
پیاوەکە بەو شە و شەە، بەو دنیا وانە، بۆ کو دەچی؟ نایگەیتە.
دوا جار بابم بیاری دوایی خی دا:
کە تووە دەبە، با ببە، دووسبەی دەچم، لە بن سبەری فەکە و بەینی زنجیری دەبابەشدا بە، دەچم و دایە هەمینم بە بابم دەهنمەوە.
تا دووسبەی د، سەر لە ئاودەستخانەکانی قوتابخانە دەدەم، بزانین لەو دنیا چ باسەو..

ئودیوی یقین یان گومان ... یوسف عزدین

هردم سقامگیر و ساویلکەکان
گومانی ئمەیان پ ناگیرتە خ و
زەر بسادیش راقی رووتختی دنیامان بە دکن و
پشمان دەن ئفسانەی قووایەکان هرزگیی و گاتجاییە – هرمان هیس-.

لگە ئوی نووسینی خندنوەیک کوک خی شیاوی خندنوەیکی جیدیان بت و توانستی داگیرکردنی شونجگەیکی دیاریکراوی معریفی هبت و سنوورکانی سلفیت و تقلیدییتی نووسین تپەبکات، ئاستم نییە!؟.. بەام هن پیان ئاستمە، بەو پییەی ئوان هر لبنەتەو تەوانین و تسووکیان نییە درحق بترزە نووسینک کە توانای تپەکردنی سلف و تقلیدی چشنە نووسینکی هبت کزادی دگما ئایدیلژییەکان و هموو ئو چشن و شو تەوانینە رووکشییە تبسیتکراوانیە کسانکە بشویەکی برچاو زرک لبوارکانی نووسینی بئدەبیاتیشو

دووچاری ئیفلیجبوون و گەتبوون و راوحکردن کردووە.

رەنگە بتوانین بڵێین بەدرێژایی سەدەیەک لەنووسینی کوردی، ژمارەی هەرە زۆری نووسەراوەکان مەگەر لەفەرمەدا گەانکاری تەدا ببینرێتەوە، دەنا لەبنەتدا هەر کاوێژکردنەوەی ئەوەی پێشووە، بۆچوونێکی بەزارکەر و ناقۆڵا کەبەتە مایەی نەخوێندنەوەیان دروستکردنی خوێنەرێکی ناخوێنەر، چونکە کاتێک خوێنەر دەبێتە خوێنەر کەتکەست بتوانێت حەزی کەشفکردن و گەانی تەدا ببزوێنێت و ویستی کردنەوەی دەرکەکانی تەدا بەرجەستەبکات، نەک بەپێچەوانەوە رایکەشتە نەو خمخەرکەی بەزاری و وەسەی و هەموو حەز و ئارەزووەکانی وەک خوێنەرێک تەدا بکوژێت و بگرە ئازاریشی بدات و تووشی چەندین کەمپلەکسی سایکەلۆژیشی بکات، کەم نین ئەو کتێب و نووسینە کوردیانەی لەکاتی خوێندنەوەیاندا خوێنەر ترسی ئەوە دایدەگرێتەوە ئەگەر پێچەوانەی ئەوەی کەپێی دەگوترێت، بۆچوونێکی دیکە بیر بکاتەوە رەنگە مەجازیانە فەلاقە بکرێت، ئەقڵییەتی حوجرە هەر ئەوە نییە لەدوو تونی هەندآ کتێبی ئاینییەوە ئەخی خوێنەر دەگرێت و بەهەشەو گوەشەو چاوسوورکردنەوەو ئەشکەنجەدانی ڕەحی و خەسڵەتی نەو قووڵاییەکانی زەینی خوێنەرەوەو مەشکی دەستەتەوەو دایدەبڕێت لەهەر گومانێک کەبیەوێت دزێبکاتە نەو کەلێنەکانی تەسەووریەوە، بەکو بەشێکی بەرچاوی ئەوەی لەبەرگێکی نوێداو لەم سەردەمەشدا نووسراوە هەشتاکە دانبەداوە لەئەقڵییەتی حوجرەگەرێتی و نووسەران و موریدانی بۆچوونی مەلا و فەقێیانی سەردەمانێک و بەهەموو کەرستەکانی فەلاقەو ئەشکەنجەدانەوە گەاونتەوەو خەکەس ناوەرێت تەسەوورێکی پێچەوانە بنووسێت یان دەربڕێت، کاتێک دەزانرآ لەهەموو مینبەر و میحراب و پەنا و سووچ و کووچەو کەان و گەپان و چایخانەو گوزەر و دەزگاو شوێنە ڕەسمی و ناەسمییەکانی ئەو پایتەختە وەهمییە لاهوتییە غەیبانییەوە تارماییە پارەزەرکانی ئەو جۆرە ئەقڵییەتانە بەو پەی وەلائیانەوە بە مەرجەعێک کەخەیان ئینتیمایان بێ هەیە پەلاماری دەدەن.

وەک لەچاوپێکەوتنێکدا ئاماژەم پێداوە: تەوانینێکی سەلەفیانەیە بە ئەوەی کەپێشووتر نووسراوەو ئەوەی کەدواتریش دەنووسرێت، گوتارێکی وەعز ئامێزەو هیچی لەگەڵ گوتاری مەلا و فەقێ و سوختەکانی حوجرەدا فەرق نییە، کاتێک دەڵێیت هەشتاکە ڕەشنبیری و هزری کوردی نەچەتە دەرەوەی دیوارە دەگماکانی حوجرەوە، کەسانێکی زۆرت بەگژددا دێن، کەچی ڕاستییەکەش ئەوەیە کەلەم ڕۆژگارەدا تازە بەتازە خەی

نوێ دەکاتەوە جارێکی دیکە ئەخەمان پەدەگرێت و بەبەشێکی بەرچاوی نووسینەکانی ئێستاشەوە نەیانتوانیوە تەجاوزی ئەو دەگمایە بکەن، نەیانتوانیوە لەدەرەوەی تەقدیسکردن و موقەدەسەوە خوێندنەوەیان هەبێت، مەسەلەکە لەگەڵمکردن بەزاراوەکاندا نییە، وەک کەسانێک کەسانێکی دیکەمان بەسەردادەسەپێنن و بانگهەشتی خوێندنەوەی تەکستێ تاقانە و ناوازەکانیان دەکەن، تەکستێ جوانەکانیان، تەکستێ مەزنەکانیان، تەکستێ تا ئێستا نەنووسراو و لەمەو دواش نەنووسراوەکانیان؟!.

نازانم هیچ ڕەی تەدەچێت، تە خوێندنەوەیەکی زیندوو بە تەکستێکی زیندوو بکەیت، بەبێ ئەوەی دەستاتی تەکست وەک خۆی هەبوەشێنیتەوە؟! بەبێ ئەوەی بیر لەنگوتراوەکانی بکەیتەوە؟! تەنانەت ئەوەی کەخودی دانەرەکەشی بیری لەنەکردبێتەوە، بەڵام تەکست بەرەو ئەوەت دەبات، بەرەو ئەو شوێنەی کەدانەر دەستاتی بەسەریدا نەشکاوە، بەرەو ئەو شوێنەی کەوەک بەشایی‌ەک جەماوە، بەرەو ئەو شوێنەی کەبەتە پەراوێز، بەبێ ئەوەی دانەر ئاگادار بووبێت، لەو پەراوێزخستنە، یان مەبەستی بووبێت.

مانەوەی هەندێک لە تەکستێ ئایینییەکان تا ئێم ساتەوەختە، لەووی هەگرتنی خوێندنەوەو تەئویلکردنەوە، بەدەر لەو پێگەیەی کەپاراستوێتی یان سەپاندنی و هەکارەکانی دیکە، بەشێکی دیکەتەوە، بێ ئەو پەراوێز و پەنهان و نهێنی و بەشایانەی کەلەنێو تەکستەکەدا هەیە، کاتێک تەکستێکی ئایینی دیاریکراو سەبارەت بە"هاوەڵیانی ئێشکەوت" دەخوێنمەوە، ئەوەی کەسەرنجم ڕادەکێشێت، نەگوتنی ژمارەی تەواوی ئەو کەسانەیە کەچوونەتە نێو ئێشکەوتەکەوە، سەرباری دیاریی نەکردنی ساڵەکانی مانەوەیان، ڕەنگە سەرپەی ئەمە ببرێتەوە بە نەزانینی ژمارەی کەسەکان و ساڵەکانی مانەوەیان، لەکاتێکدا نەزانین و وەڵام نەدانەوە لەگەڵ ڕەهابوونی تەکستەکەو زانینی میتافیزیکییانەی پێشوەختی بەهەموو شتێک نەگونجاو و نەشیاوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر هەر ژمارەیەکی سەبارەت بەکەسەکان و ساڵەی مانەویانی بگوتایە بە چەندو چوون جێی قبوول بوو، کەواتە دەبێت لەووێکی تریشەوە تێی بڕوانین، وەک خەم پەموایە گوتنی هەر زانیارییەک وەک یەقینێک سەبارەت بەژمارەی کەسەکان و ساڵەکانی مانەویان، ئەم ڕووداوەی دەبردە نێو مەژووییەکی بەرجەستەوە، ئەو دەمیش لەگەڵ ڕاستی و دروستی ئەو مەژووە، ئەگەر وایە یان وانییە دەکەوتە ناکۆکییەوە، بەڵام بوونی کتێبی ئایینییەکان و تەکستەکانیان هەوێی مانەوە لەدەرەوەی مەژوو دەدەن،

کەواتە دەبێت ئەو بەشایی جیهانەی و خودی زانینەکە پێویست بکەن بەهەزە میتافیزیکییەکانەوە، تا تەسکتەکە خودی دەستاتە میتافیزیکییەکەی لەدەست نەدات و هەمیشە بەشایی و کەلەن و سووچ و گۆشەی نەزانراو هەبێت، کەتکست عاجیزە لەئاست وێنامدانەوەیدا، لەکاتێکدا ئەو تەکستە وەک گوتەیەکی هەزەکانی پشت خەی، خەی نمایشدەکات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بە نەفی نەکردنەوەی خەی و مانەوەی بەردەوامی پێویستی بەنەزانراوە زیاتر وەک لەزانراو.
دروستکردنی خوێنەری ناخوێنەر یان مردوو پێدەچێت بەدەر لەوەی کارەکی خەباخە بێت بووبێتە پرسیارێک، پرسیارێک بە موعتادکردنی خوێنەر بەخوێندنەوەی تەکستە مردووەکان و ئەودەم لەجیاتی گیان بەشوێن بەشایی و کون و کەلەن مەوداو کایە مەعریفیەکان و پرسیارکردن، تەنها گوقوڕاغی وێنامەکان دەبێت و تەسلیم بەدیفاکتۆی ئەو چێشنە تەکستانە دەبێت و خەشۆی دەکەن بگوێایەڵی و هیچ نەگوتن و پرسیارنەکردن، بەمەش دەبێتە خاوەن ئۆقیەتێکی غەیبانی بەو مانایەی کەتنها بەشی دەبێتە قایلبوون و خەبەدەستەوەدان بە ئەو لەشاوە باوەی کەلەگێ خەی دەیبات، ئیدی ئەو دەم خوێنەر لەگێ خوێندنەوەی هەر کتێب و نووسینێکی مردووی بارگاوی بەهەموو ئەو کەرستە میتافیزیکی و غەیبانیانەی کەلەناوەوە تێکی دەشکێنێت، دەبێتە ئەو خوێنەرەکێی کەلەگێ خوێندنەوەی هەرچێشنە کتێب و بابەتێکی لەو چێشنە وەک مردوویەک دەبێت چاوەڕێی تەلقیندانی بکات، ئیدی لەو ساتەوەختانەدا خوێنەرێکی ئاوها بەو چێشنە خەشکراو هیچ توانایەکی بەرپەرچدانەوەی ئەو تێکدان و شێواندنە ناوکییەی خەی نییەو دەرهێنانەوەشی لەو ئاستەنگە کارەکی سەختە، چونکە تەسلیمبوون بەدەگماکان یەکێکە لەکێشە گەورەکانی نێک هەر خوێنەران بەگشتو نووسەرانیش لەئاست نووسینی تەکستێکدا کەبتوانێت پرسیار بوروژێنێت.

"عەلی حەرب" دەڵێت: (وادەتە پێشچاو لەمابەینی وتارەکەو بە وتارەکی دیکە من ناکەک و دژ بەخەم یان ناکەک و دژ بەبیرکەکانی پێشووترم بم، نکۆی لەمە ناکەم و ناکرێت شتێکی تریش بم).
لەدرێژەی هەمان گوتەشیدا دەڵێت:
(ئۆگەر نۆگەڕەم و بەردەوام جیاواز نەبم رەنگێ لەبیرکردنەوە رابوستم، یان لانی کەم ببمە مزگێنیدەر و بیرمەندیش بەو دەکوژرێت کەببێتە مزگێنیدەر).
رەنگێ ئەوەی کە "عەلی حەرب" ئاماژەی پێدەدات یەکێک بێت لەگەچارە سەرکییەکانی وەستان و راوحکردن و بگرە مەرگی نووسەریش، ئیدی پێویستە هەردەم لەنەو قووڵایی ناکەکییە خودییەکان

و کرانەوە لە ئاست مەعریفە جیاواز و راو و بۆچوون و تەرحەکاندا بگەینەوە بە نووسین یان خوێندنەوە هەر بەم شێوەیش دەتوانین ئیدامەیەکی ئەکتیف بەخەمان بدەین.

هەرچەندە زەر جار بەناچاری و هێندەی رۆزمان و دەستووری زمان و وشە دەستواژەکان رەمان پەدەدەن، تەکست بۆجوان یان بۆهۆز و یان دژەکانی ناودەر دەکرێت، بۆیام ئیشکالێک لەهەموو ئەمانەدا هەیە و لەئاستیدا کاتێک بەنووسینەکی دیاریکراو دەگوترێت تەکست، ئەو واتایە لەخۆ دەگرێت کەدەکرێت بخوێنرێتەوە و قابیل بۆاڤە و تەئویل و قسە لەسەر کردنە، ئیدی دەکرێت تەکستێک تەکمەتر بێت لەیەکەکی تر، یان لەئاست خوێندنەوەدا کراوەتر بێت و یەکەکی دی داخراو بێت و ئەمەو زەر چەشنە تەوانین و دەستواژەو زاراوەو کەرستەکانی دیکەی ناساندنی تەکست، ئەو راستیە ناشارێتەوە کەناکرێت تەکست بەبێتە سەبەرەکی نووسەرەکەی، وەک لەو پانتاییە بەناو رەشنفکرییەی کۆمەی تەدا دەگوزەرین سەرباری زەر شوێنی دیکەی دنیا بەرچاو دەکەوێت، رەنگە تەکستێ لاواز و لەرزۆکەکان پەویستیان بەنووسەرەکەیان بێت، لەکاتێکدا داکەکی نووسەرێک یان هاوبیرەکانی لەتەکستەکی دیاریکراو زیاد و کەم هیچ ناخاتە سەر تەکستەکە، تەنها تەکستێ زیندووکانن کەوەک خەیان هەگری توانای تەکنەشکاندنن و دەتوانن مەوداکانی زەمەن تەپەبکەن و ئەمەش پەیوەست نیە بۆچۆن و شێوەی لەژیکی بوونی یان نەبوونی سەرباری زەر شتی دیکە کەئەقڵیەتەکی تەقلیدی پەی وایە نهێنی مانەوەی تەکستێ زیندووکان لەوەدایە.
یەکێک لەو کتێبانەی کەلەسەردەمی خەیدا بە بەرگری کردن لەئایینی مەسیحی و دەسەاتی کەساو مەرجەعیەتی ئایینی لەلایەن "تەماس فەن ئەکوینەو" بەناوی " رەخنەگرتن لەکافرەکان"، دژ بە تەرح و بۆچوونەکانی "ئیبن روشد" نووسراوە، لەمەدا وەک تەکستێکی زیندوو سەیر ناکرێت و خوێنەر بەخوێندنەوەی ئەگەر بەمەبەست بیەوێت بیخوێنێتەوە بەجگە لەدژایەتییەکی بە بنەمای نووسەرەکی ئەوروپی چاخەکانی رابردوو بە تەرحەکانی "ئیبن روشد" و رکو کینەکی ئاشکرا، سەرباری ترس و خەفەکی بە وێنە لەبۆچوونە جیاوازەکان هیچی دیکەی تەدا نابینێتەوە، هەرچەندە سەیرە پەش ئەوەی نووسەرانی ئیسلام و نەوەندە ئایینییەکانی ئیسلام دژ بەبۆچوون و تەرحەکانی "ئیبن روشد" بنووسن نووسەرەکی ئەوروپی مەسیحی دژی وەستابێتەوە، لەکاتێکدا دواتر بیرو بۆچوونەکانی ئەو بیرمەندە کاریگەرییەکی بەوێنەی کردە سەر نەخشەی فیکریی و ئایینی ئەوروپاو ئەو بوو ئەوان لەناوەوەا گیان و کۆچی وەاتانی عەرەب و رۆژهەاتی ئیسلامی هەرچەندە ئەو

کتێبانەی "ئیبن روشد" لەزەر رووەوە بگرە هەر لەناوەکەوە جا چ شاراوە یان بەئاشکرا دژ بەو دەستاتە ئایینییە ئیسلامییە بوو کەلەمەرجەعکەدا کە بەوە لەگەڵ دەستەبات جیانەدکرایەوە، بەهەرحاڵ ئەوروپایەک کەدستپێشکەر بووە لەدژایەتی "ئیبن روشد" و قەدەغەکردنی کتێبەکانی گەڵاو پانتایی ئیسلامییەکەش وەک خەی ماویەوە.

ئەوەی کەلەرشدا پێویستە ئاماژەی پێبدرێت خوێندنەوەی ئەستامانە بۆ ئەو تێکستانەی "ئیبن روشد" کەماونەتەوە لەسووتاندن و فەوتان رزگاریان بووە، هاوکات خوێندنەوەی تێکستەکانی "غەزالی" یشە لەگەڵ تێکستە رەخنەییەکانی "ئیبن روشد" بە فیکر و تێوانینی "غەزالی". بەو پێیەی تێکستەکانی هەردوو نووسەر تێکمەن و هەردەم قابیل بەخوێندنەوەن و هەگری کەمەک تایبەتمەندی خیانن کەوا لەخوێنەر دەکات وەک تێکست بیانخوێنێتەوە ئەمە لەگەڵ ئەوەی کەوەک ئاماژەمان پێدا ئەوەی هەردوو نووسەر نووسیویانە دیارە پشتر "غەزالی" و پاش نزیکەی هەشتا ساڵەکیش "ئیبن روشد"، وەک خیان هەگری خەستەکانی تێکستن و قابیل بەخوێندنەوەن، بەبێ ئەوەی چەنیەتی خستنە رووی میتەدی و فیکریی و تێوانین و بۆچونەکان هیچ کاریگەریەکی هەبێت، چونکە بەدەر لەهەر دگماو بۆچوونکی پشوخت و سڵەفی و راوستاو لەپشت ئەوەی خستویانەتەوو، لەساتەوەختی کردەی نووسیندا زەر شتیان رەنگە بەئاگا یان بێئاگا شاردبێتەوە کەئەستا بەخوێندنەوەیان هەوەی کەشفکردنیان دەدەین، سەرباری ئەوەی کەویستویانە بیڵێن و نیانوتووەو دیان وردەکاری تر کەتێکستە زیندووەکانی پەدناسرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کەتێکستەکانیان بە خیان هەگریین. وەئامدانەوەی "ئیبن روشد" بە "غەزالی" سبارەت بەوەی کە" غەزالی" لەی خستنەووی بیست چشنە بۆچوونەوە بەرپەرچی تێکستە فەلسەفییەکان و فیلسوفەکان دەداتەوەو تا دگاتە بەکافر لەقەمدانی "فارابی" و "ئیبن سینا"، دەرحەق بەوەی کەئەوان دنیا لەهەموو شتێک بەکەنتر دەزانن و پیان وایە یەزدان وردەکاریەکان نازانێت و...تاد. "ئیبن روشد" لەکتێبی "تەهافوتی تەهافوت"دا بەرپەرچی تێوانینەکانی "غەزالی" دایەوەو ئیعتیباری بە فەلسەفە گەڵانەوەو "ئیبن سینا" و "فارابی" یشی لەخانەی تێکفیر هەنایە دەرە و هەرشکی زەر توندی کردە سەر "غەزالی" و بە پیاوکی شەڵانگەز و جاهیل و خراپکاری دایقەڵەم کەلەپەناو سەپاندنی راوبۆچوونکانی سەی لەبەکار هەنانی هیچ شوازکی پە پێچ و پەناو دووەوانە نەکردەتەوە بەتایبەتیش لەپەناو تێکفیرکردنی ئەو دوو زاتەی کەناومان هەنان. بەنام دیارە ئەوەی کە"ئیبن روشد"

لەنووسینەکانیدا سەبارەت بەو مەسەلەیە شاردوویەتیەوە، پاشگەزبوونەوەی "غەزالی" یە لەتەکفیرکردنی ئەو دوو زاتە وەک لەکتێبی "تەفرەقە" دا ئاماژەی پێداوە، بەگومان تەکستە زیندووە تەکمەکان زۆر لەوە قوولترن سەرپێی تێبەوانین و لێیخوورد ببینەوە. چی لەوە سەیرتر هەیە "ئیبن روشد" لەژێر پەردەی پێوەست بوونی بۆئایین و بیربۆچوونە میتافیزیکییەکانەوە بێت و ئاماژە بەوە بدات کەخوداوەند نابێت لەنەو زەماندا قەتیس بکەین، چونکە ئەو خالیقی هەموو ئەو شتانەیە کەدروستی کردووەو بەو پێیەش هیچ یاسایەک کەئەو شتانە دەگرێتەوە ئەو ناگرێتەوە، کەواتە خوداوەند لەدەرەوەی زەمەندایە و هەموو شتەکانی دیکەش لەنەو زەماندان، ئیشکالەکە تەنها ئەوەندە نییە بەڵکو لای ئەو بیرمەندە شتێکی تریو بەشارەوەیی و زۆر زیرەکانە خەی لەداوە ئەویش ئەویە کەجێخت دەکاتە سەر ئەوەی کەجووڵە تەنها خەسڵەتێکی تایبەتە بەو شتانەی لەنەو زەماندان و هیچ شتێک لەدەرەوەی زەمان و دنیای ماتریاڵ جووڵەی نییە، لەڕوانگەیەکی تریو کەواتە هیچ شتێک نییە بکەوێتە دەرەوەی زەمان و ئاگەر تەسەوورکیش بە شتێکی وا هەبێت ئەوە ئەو شتە لەڕاستیدا نییە!؟.

ئەم ئاماژە پێدانەمان بۆ ئەویە کەبزانین تەکست تەنها ئەوە نییە کەوێک خەی لەخەی دەگرێت، بەڵکو شاراوەو نەگوتراو و تەنانەت ئەو گوتراوانەشی کەبەو چەشنەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا پەردەپۆشکراوە شتگەلێکی زۆر گرنگن بە کردنەوەی دەرکەکانی تەکست و دەزینەوەی کەدەکانی و کاری خوێنەری جیدیش هەوەدانە بە کەشفکردن و دەزینەوەو گەیانی زیاتر بەشوێن نهێنی و پەنهانەکانی تەسکتدا، ئەمەش لەکاتێکدا خوێنەر دەستی دێت کەتوانیبێتی ئەو وەهمە لەمەشکی خەیدا بسڕێتەوە کە تەکستە تەکمەکان بەچەشنی قەڵا سەختەکان پەویستیان بەسوپایەک هەیە تا ماوەیەکی دوور و درێژ گەمارۆی بدەن و لەکۆتێکیشدا دیوار و دەرکەکانی تێک بشکێنن و ئاگەر توانیان داگیری بکەن.

بەدرێژایی سەدانێک سیستەمێکی بەرفراوانی فیکری و ڕەشنبیری و ئەدەبیی میتافیزیکی کاری بۆ وێناکردنی تەکست کردووە وەک شاکارێکی موقەدەس و نووسەریش وەک بوونەرێکی تەقدیسکراو، بەمەش کاری خوێنەریان کورتکردەتەوە بۆ وەرگرتنی ئەوەی کەهەیە بۆ چەندوچوون و بگرەو بۆردەی خوێندنەوەیەکی جیدیانە، نەوەندی ئەدەبی و ڕەشنبیری و فیکری و ڕەخنەیی کوردیش بەشوێنکی بەرچاو هەندێک لەنووسەرانی کوردی کردەتە قارەمان و هەوێداوە بگەیانەوەی ماجراکانی

ژیانیان و بەسەرهاتە جۆراوجۆرەکان و هەوڵستە بەنامەیەکانیان نووسینەکانیان بخاتە پێراوێزەوە هەردەم ئامادەگی بە ناوەکان بدات لەبەری تێکستەکان، ئەمەش لەسەرجەم کتێبە ئەدەبییەکانی قەناغی خوێندن و لەدەرەوەی ئەوانیش لەزۆرێک لەنووسین و لێکۆڵینەوەکاندا دەبینرێتەوە، ئیدی بەشێکی زۆری خوێنەرانی کورد ئاگادارن بە نموونە لەوەی فانە شاعیر کوێی کە بووەو دەچێتەوە سەرچ نەسەب و عەشیرەت و خێڵەک و لەکوێ فڕێ بووەو لەکوێ بێتە مەلا و لەکوێ مردووەو چەندین شتی لەو بابەتەش، سەرباری خستنەڕووی سەرپەیانەو پێناسەکردنێکی بوار و مەوداکانی نووسینی و گرێدانەوەی بەقەناغێکی دیاریکراوی ئەدەبییەوە، زۆربەی ئەوەی کێشەو دەم و ئێستاش دەکرێت:(تەنها لەکۆخکردنەوەو زیادکردنی ژمارە ناوەکانە و ئامرازێکە بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی نەتەوەیی و شتی لەو بابەتەو ئەویش وەک زۆر شتی دیکە لەوانگە تیرگرییە فیودالییەکەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوەو وەک دانانی ناوێکی نێشیاو لەگەڵ نووسەرانی سەردەمێک لەسەردەمکان و ریزبەندیکردنی و ئاماژە پێدانی و حیساب بۆ نەسەب و جێگەو شوێنە کەمەایەتییەکەی کراوە، ئەگینا هەن هیچی ئەوتۆیان نەنووسیوە ئەگەر نەڵێین هەر نووسینێکی ئەو تۆیان نییە کەوەک ئەدیب ناویان بهێنرێت، کەچی لەڕاو لەوە بەویستی فەان و فیسارە کەسی دەستەیشتوو ناویان دەچێتە لیستی نووسەرانی سەردەمێکی دیاریکراوەوە، هەرچەندە ئەمە ئەگەر کێشەش بێت لەووی تاکەکەسییەوە هەندەی ئەوە کێشە نییە کەتە بەدرە مەژوویەک بە ئەدەبیاتی میللەتێک دروستبکەیت و فڕێ لەنەوەیەکی خێت بکەیت و پێیان بڵێیت بە نمونە لەکاتێکدا تۆ ئەگەر خاوەنی بیست شاعیر بیت کەشاعیر بێت کەچی ناوی سەد شاعیریان بە ریزبکەیت و پێیان بڵێیت ئەمانەن کەشاعیرکانی شیعری کوردی!!؟ لەکاتێکدا هەر وەک نمونەیەک عەرەب پاش سااڵنێک لەدانە پاڵی کەمەڵەک شیعری زۆر بە شاعیرکانی سەردەمی جاهیلییەت، بەبێ ئەوەی وەک لایەنی ئیستاتیکی یان ناوەڕۆک هیچ کێشەیکیش لەو شیعرانەدا بەدی کرابێت، کەچی وردبوونەوەو خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەکارانی ئەدەبکەیان وای لێکردن زۆربەی ئەو شیعرانەی کەپشتر بەشیعری شاعیرانی سەردەمی جاهیلییەت لەقەڵەمدرابوو وەلابنێن بیکەنە دەرەوەی بازنەکانی ئەدەبیاتی سەردەمی جاهیلییەتەوە وەک عەرەب خۆی ناوی دەبات).

ئەمە لەگەڵ ئەوەی هیچ کاتێک زۆرێک لەتێکستە باشکان لەهیچ شوێنکی دنیادا نەچوونەتە نێو ڕەسمیاتی دامو دەزگا ڕەسمی و کتێبکانی قەناغکانی خوێندنی وەاتانەوەو پەویستیشە نەچێت، ئەمەش باشترین شتکە بە مانەوەی ئەو تێکستانە بەزیندووەتی، چونکە هەر

کاتێک تە هەر تێکستێکت کردە ماتریالی خوێندن بۆزەر و ئۆزبەرکردن و لێپرسینەوە، ئەوە گەورەترین بەحورمەتیت بۆو تێکستە کردووەو بۆتەواوی مرانووتە، هەروەک چۆن سەرکی یەکێک لەوانەتکانی ئەمریکای لاتین پاش چاپکردنی ملیۆنەها نوسخە لە"دۆن کیخۆتە" و بۆزەر دابەشکردنی بەسەر خێڵکی وڵاتکەیدا و بانگەشەکردنی بۆ ئەوەی کەدەبێت هەموو کەسێک بیخوێنێتەوە، جوانیەکانی ئەو تێکستەی لای بەشێکی زۆری خوێنەران کوشت و "دۆن کیخۆتە"ی کرد ئامرازێکی ریکلامی بۆ خۆی و دەسەڵاتکەی.

ئەم لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری ئەوانەی خۆیان سەرقاڵی نووسینی رۆخنەیی کردووە، هەشتاکە نەگەیشتوونەتە ئەو تەوانینە رۆخنەیەی کەدواجار لای "غەزالی" دروست بووە، سەبارەت بەوەی رۆخنەیەک لەسەر دژایەتی و لەدانی ئەم و ئەو دروست بووبێت، زۆر دەستەوسانترە کەحەقیقەتێکی مەعریفی بۆرهەمبهێنێت، چونکە دژایەتی و لەدان لەوەو سەرچاوە دەگرێت کەتە حەقیقەتێکت لایە جیاواز لەوەی کەخراوەتەوو، بەمەش کاری تە دەبێتە پاکانەو پاساو هێنانەوە بۆ حەقیقەتێکی پێشتر زانراو و سەلمێنراو، بەو پێیەش هەرگیز ناتوانیت فیکر و مەعریفەیەکی نوێ بۆرهەمبهێنیت، سەرقاڵبوونی رۆخنە بەدانۆری تێستەوەو لەبیرکردنی تێکست دیاردەیەکی ترسناکەو تەنها پێکدادان و دژایەتییەکی بەمانای لەدەکەوێتەوە.

"رۆلان بارت" دەڵێت: (دانەر بوونی نییە تەنها لەساتەوەختی بۆرهەمهێناندا نەبێت، منیش وەک خۆم و لەم ئەزموونە خاکییەمەوە هەستم بەوە کردووە کە پاش نووسین هیچ نامێنێتەوە لەبارەیەوە بیڵێم و هیچ پێوەندییەکی موڵکایەتی و بڵاوبردنیش پێوەم نابەستێتەوە (.
یان دەڵێت:
) تێکست دادەنرێت و دەخوێنرێتەوە بەچەشنێک کە لەهەموو لایەنەکانەوە دانەر تێیدا غائیبە (.
زۆر جاران نووسینە جیدییەکان بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی لەووی مامەڵەکردنی لەگەڵ یەقین و گومان و جەهشتنی بەشایەکانەوە، "تاوییەکان"م بیردەخاتەوە.
"چوانگ تز" "تاو" بەو شتە دەچووێنێت کەهەم بەشایەو هەم نابەشایی، لەکاتێکدا هیچیان نییە. دەیچووێنێت بەو شتەی کەگ و قەدەکان دروست دەکات و بڵام نابێتە ئەوان، کەبوونەوو جیاکردنەوە دروست دەکات، لەکاتێکدا خۆی نەجیادەکرێتەوو نەکشدەکرێتەوە..وەک لەگوتەیەکی "تاوییەکان"دا هاتووە:

)لەو سەرتایەک هەبوو
لەو سەرتایەک هەبوو دەکوتە پێش ئەو سەرتایەوە
لەو بوونەک هەبوو
لەو نابوونەک هەبوو (.
رەنگە زیندووترین تێکست ئەو تێکستە بڕایيە بێت کەدەیەوێت ببێتە سەرتایان بۆ خۆی ئەو سەرتایەیە کەدەبێت هەوڵی دۆزینەوەی بەدین، ئۆگەر پێشمان وابێت هەر سەرتایەک سەرتایەکی دیکەی لەپشتەوەیە بەم چەشنە سەرتاکان لێشونکدا راناوەستن و سەقامگیرنابن، یان بەبێین تەواو نابن و نابنە کۆتایی، ئەو دەم خوێندنەوەمان بۆ تێکست دەبێتە کردەیەکی بەردەوامی گۆران و هەوڵدان بۆ کەشفکردنی نێگوتراو و نێزانراوەکان.. هەوڵدانیشمان بۆ خوێندنەوەی نێنووسراو و نێگوتراو و نێزانراوەکان، هەوڵدانێ بۆ دۆزینەوەی ئەو دنیا ونبووەی کە دانەر خۆشی لێی بێئاگایە.

izadyusf@gmail.com

گۆڤاری هانا ژمارە 2 …

[بەخوێندنەوەی ژمارە 2ی گۆڤاری هانا کلیلی ئەربکەن ….](#)

ئەو پیاوەی لە کەس نەدەچوو! … هەمن خورشید

بۆ مەرگی نەوشیروان مستەفا ئەمین

19ی ئایاری 2017، هەشت بیستوپێنج ساڵ دوای یەکەمین هەبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، مرۆڤێک ئەرەی جیهشت و بەرەو جیهانی نادیاری بەکۆتایی بنە و بارگەی پێچایەوە.

ئەو پیاوە لە کەس نەدەچوو، خۆی خۆی بوو و تەواو. ئەو نەیارەکانیشی هاوشێوەی یارەکانی پێی سەرسام بوون، ئەگەرچی دەیانشاردەوە. ئەو هەم کەم قسەی دەکرد و هەم کاتێ کە قسەی دەکرد جیاواز دەدوا. لە کاتێکدا سیاسییەکانی دیکە قسەی کێشەیی دەکەن و قسەی هەموویشیان کێپیی یەکترە و بەر لەوەی زار بکەنەوە، خەڵکی دەزانن چی دەڵێن و دەتوانن تەواویان بکەن، ئەو قسەکانی هی خۆی بوون و کەس نەیدەتوانی تەواویان بکات!
ئەو زیاتر وەك نووسەرێك دەپەیڤی، ڕستەکانی کورت و پڕ بوون، وشەیەکت لێ دەرکردبان ماناکەیان تێکدەچوو، چون حیسابی بۆ ژمارەی وشە و ڕستەکانی دەکرد. کە قسەی دەکرد وات هەستدەکرد قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات، چاوی لە کامێرا نەبوو، بۆیە بەمنەت دەردەکەوت، هەنگە تاقە کوردێك بووبێت لە دنیادا، وەختێ لە بەرنامەیەکدا بەشدار دەبوو و بۆژەرەکە لێی دەپرسی: دوا وتەت چییە؟ وتبێتی: "هیچم نەماوە". ئاخر تاکی ئەمە قەت تێر لە قسە ناخوات و تا ڕۆی بدەیت قسە دەکات!
ئەگەرچی وەك هەر تاکێکی ئەم وڵاتە، ئەویش خاڵی نەبوو لە خەم و کەسەرگەڵێك کە باری شانیان خەم کردبوو و هەندێ جار بە لاڕێیاندا دەبرد، لێ هەرچەندێك بێت جیاواز بوو.
قەدەر منی سێ جار لەگەڵ ئەو پیاوەدا کۆکردەوە، نۆوان هەر دوو جارەکیان چەند ساڵێك بوو، جارەکیان نە ئەو هیچ قسەیەکی لە زار دەرچوو و نە من ڕۆگەی ئەوەم هەبوو هیچ قسەیەکی لەگەڵ بکەم. جاری دووەمیان چەند کەسێك لەگەڵیدا کۆبوونەوە و هەم ئەو قسەی کرد و هەم من دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا قسە بکەم، وەڵێ دانیشتنەکە هەم گشتی بوو و هەم کورتخایەن. لێ جاری سێیەم کە نزیکەی نیو سەعاتێکی خایاند، قسەی زۆری تێدا کران، هەرگیز داخی ئەوەم ناچێت کە نە ئەو کات هیچم لەبارەی دانیشتەکەوە نووسی، نە قسەکانم تۆمارکردن و نە تەنانەت سەرەخاڵەکانیشم لە لای خۆم یادداشت کردن، بۆیە جگە لە چەند خاڵێکی گشتی، وردەکاریم بیرنەماون. لێ لەو دانیشتنەدا یەك دوو قسەیەك کران، بێ مژوو دەمێننەوە و مافی شاردنەوەیان بە خۆم نادەم.

یەکەم جار ئەوم بینی، ئەوەندەی بیرم مابێت مانگی شوبات یان ئاداری 2001 بوو، لە بەشی ناوخۆیی ئیسکانی شاری سلێمانی بووم، لەپڕ دەنگی ئەوە بۆاوبوویەوە کە (مام جەلال) لە زانکۆی سلێمانییە و بەرەو بەشی ناوخۆیی دێت! هەواڵەکە کەمێك سەیر بوو و سەرەتا باوەڕم نەکرد، کەچی ئەوەندەی پێنەچوو چەند ماشێنێك وەستان و ژمارەیەکی زۆر چەکدار بە هەموو لایەکدا بۆاوبوونەوە، تاقی بەیانی

بوو، بەشی ناوخۆیی خوێندکاری زۆری لێ نەبوون، لەبەر تاڵەبانی دەرکەوت، هەوانشاد د.کەمال خۆشناو کە ئەو وەخت سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بوو بە شانییەوە بوو و زۆربەی سەرکردە دیارەکانی ئەو وەختی یەکێتیی نیشتمانیشی لەگەڵدا بوون. ئەوەی هەر لە یەکەم نیگاوە سەرنجی ڕاکێشام پیاوێکی باڵابەرزی کەمێك لاوازی جلوبەرگ سادەی دووڕەپەڕز بوو. وردەوردە خوێندکارەکان دوو دوو و سێ سێ دەگەڵانەوە و خەڵکی ئەو دەوروبەرەیش هاتنە بەشی ناوخۆیی دەکرد.

زۆری پێ نەچوو ئاپۆرایەك دروست بوو –لێرەدا بواری باسکردنی تەواوی هاوداوەکەی ئەو نییە- تاڵەبانی بە هەرکۆ هەنگاوی دەنا، ئاپۆراکە لەگەڵی دەکشا، هەموو ئەو بەرپرسانەیشی لەگەڵ تاڵەبانیدا بوون، لەتەك ئاپۆراکەدا دەکشان، تەنیا کەسێك کە لە دوورەوە بە تاقی تەنیا وەستابوو و کەسی بە دەورەوە نەبوو ئەو پیاوە باڵابەرزە بوو. لە هەرکۆی ئاپۆراکەوە سەرنجت بدایە سەری ئەوت دەبینی، وا دەردەکەوت سەری لە باڵای هەمووان بڵندتر بێت! دوای بیست خولەکێك مانەوە، تاڵەبانی بریاری دایشتنی دا، بوو بە جموجۆ و ڕاکەڵاك... چەکدار و پاسەوانەکان هەموو جووڵان، مەسوول هەریەکەی دوو سێ چەکداریان بە دەورەوە بوون و کەوتنە ڕێ، ماشێنەکان کردیان بە هاوڵدان و خوێندکارەکان و ئەودوای خەڵکەکەیش بەرەو لای دەرگای دەرەوەی بەشی ناوخۆیی هوروژمیان برد، کەچی ئەو پیاوە باڵابەرزە هەر لە جێی خۆیدا وەستابوو و نەدەجووڵا.

زۆری نەبرد ماشێنەکان دایانکۆشا و خەڵکەکە باوەیان لێ کرد، منیش هەر سەرنجی ئەو پیاوەم دەدا و نەمدەزانی بۆ ناجووڵێت؟ بۆ کەس لێی نزیك نابێتەوە؟ بۆ هەموو ڕێشتن و بەجێیانهێشت؟ لەم لێکدانەوانەدا بووم، ماشێنکی مۆدێل کۆن لە دیوی ئەوبەری جادەکەی بەردەم بەشی ناوخۆییەوە دەرکەوت، هەڵە نەبم بەرازیلییەکی سوور بوو، تەنیا یەك چەکدار بە تەنیشتییەوە وەستابوو، چەکدارەکە چاوی هەڵبڕی و تەماشایەکی ئەمی کرد، ئەمیش بە دوو سێ هەنگاوی درێژی خۆرا لە دەرگاکە چووە دەرەوە و لە چاوتروکاندنێکدا خۆی گەیاندە ماشێنەکە و ئەوەندەی بڕی بیسمیللا هەردووکیان سەرکەوتن و بە ئاراستەی پێچەوانەی ماشێنەکانی تاڵەبانی و هاوەڵەکانیدا بەڕێکەوتن!

پێشتر ناوی ویم بیستبوو، لێ ئەوە یەکەم جارم بوو بیبینم. سام و هەیبەتێکی هەبوو، بەتایبەت بۆ تەمەنی ئەو وەختی من، سامەکەی لە دوو شتدا بوو: بڕەنگییەکەی و تیلەنیگا خەیاڵەوییەکەی کە دەیگرتە

خا□کی دوور.

چەند خولەک□ك لەنیوان داک□شانی ماش□نی مەسوولەکان و □□یشتنی ئەمدا هەبوو، لەو چەند خولەکەدا ئەوەندەی بیرم بێتەوە، من و ئەو کەسمان لەن□واندا نەبوو، هەمووان دوای ئاپ□راکە کەوتن و دواییش بێاوەیان لێی کرد، کەچی نەمتوانی لێی نزیك ببمەوە و لێی بپرسم: تۆ بۆچی ئەوەندە تەنیای؟ بۆ جلەکەت وەك ئەوانی دیکە نییە؟ بۆ خەم □ووخساری پ□شیوی؟!
جاری دووەمی یەکتربینینمان هاوینی 2007 بوو، وەختێ تازە کۆمپانیای وشە دامەزرابوو، هێشتا خوێندنی زانکۆم تەواو نەکردبوو، لەگەڵ پێنج شەش هاو□□یەکدا سەردانێکی گردی زەرگەتەمان کرد و نزیکەی سەعاتێك لەگەڵ ئەو پیاوە دانیشتین. لەو دانیشتنەیشدا هەڵسوکەوتی لە قسەکانی زیاتر سەرنجیان کێش کردم. هاو□□یەکمان دەیگوت دیمەنی جگەرەکێشانی ئەو □□ژەی وی، بناغەی جگەرەکێشانی من بوو!
عادەتێکی هەبوو، پرسیارێکی هەڵدەدایە ساحەی بەرانبەرەوە و ئینجا بەوردی گوێی لە وەڵامەدانەوەکەی دەگرت. ئەو □□ژەیش □ووی لە ئەمە کرد و پرسی: ئەوە خوێندکاری زانکۆن، □استە دە□□ن زەرەك لە خوێندکارانی زانکۆ، جگە لە زمانی کوردی هیچ زمانیکی تر نازانن؟ منیش بە پێکەنینەوە وتم ئەوەیان شتێکی بێگومانە، تۆ بپرسە □استە مامۆستای زانکۆ هەیە جگە لە زمانی کوردی هیچ زمانێکی تر نازانێت؟! ئەوەی کە نایزانێت قەینا، بەس نایشزانێت کە نەزانینی کۆماسییە و پ□ویستی بە چارەسەرە!
بەو قسەیەی من زۆر پێکەنی و وتی ئاوها؟! ئامادەبووان یەکجا پشتیوانییان لە قسەکەم کرد.
قسەیەکی تری کە لە هەمان دانیشتندا کردی و بیرم ناچێتەوە، چونکە ئاماژە بوو بۆ وردیی و دووربینیی وی، ئەوە بوو لە پسپ□□یمانی پرسی و کە زانی یەك دووانکمان لە کۆلێژی شەریعە دەخوێنین، وتی: ئەوە ئێستا هەڵی باشتان لە بەردەمدایە، بیرتان کردووەتەوە لەوەی دواتر فیقهی موقارن بخوێنن؟ زۆر پ□ویستمان بەو فیقهەیە بۆ بابەتی یاسا و دەستوور!

کاتیك برادەران نیازی خ□یانیان بۆی ئاشکرا کرد –هەبەت ئەو پ□شتریش زانیبووی بۆ چ مەبەستێك چوویندە تەلای- پرسی: ئەوە دەتانەوێت گۆڤاری ئیسرائیلناسی دەربکەن؟ باشە کەستان زمانی عیبری دەزانن؟ ئەوە مەرجێکی بنەڕەتییە. دیار بوو باوەڕی بە بیرکەکەمان نەبوو.

سێیەم یەکتربینینمان لە مانگی تەممووزی 2013دا بوو، دوو هەفتەیەك بەر لە وادەی هەڵبژاردن، لەسەر داوای هاوڕێیەك، لەگەڵ (د.فەهمی عەلی)یدا سەردانێکی گردەکەی زەرگەتەمان کرد و زۆربەی ژوور و جێگە گرنگەکان گەڕاین، خۆشترین وێستگەی سەردانەکەمان ئەو دانیشتنە پێنج قۆڵییە بوو کە لە ژوورەکەی ویدا سازبوو.

کاتێ گەیشتینە بەردەم ژوورەکەی، یەکێك لە کۆەکانی و چەند دەستێکی تر پێشوازییان لێ کردین. پێیان وتین میوانی هەیە، دەبێت کەمێك چاوەڕێ بین. زۆری نەخایاند میوانەکانی ڕۆیشتن، بە بێ وەستان بە ئێمەیان وت فەرموون! کە چوویتە ژوورەوە، تەنیا کاك ڕێبین هەردی لە لا بوو. ئێمەیش من و د.فەهمی و کاك هوشیار عومەر بووین، ئەمەی دوایی ڕێکخەری سەردان و دانیشتنەکە بوو.

مامۆستا هوشیار ئێمەی پێی ناساند. ئەو کە گوێی لە ناوی پزیشکیی دەرووونی بوو، یەکڕاست بە پێکەنینەوە وتی: کاکە ئەوە چل ساڵە (پارتی) دەڵێت نەوشیروان مستەفا نەخۆشیی دەرووونیی هەیە، ئەوە من و ئەوە ئێوە، فەرموون بزانن ڕاستەڕ نەخۆشم؟! هەموومان پێکەوە پێکەنین. دوای کەمێك بێدەنگی، ئەم جارەیان بە شێوەیەکی جیددیتر کەوتەوە دوان و وتی: لە گاڵتە دەربچێت، ئێوە سەرکردە سیاسییەکانی کورد بە تەواو دەزانن؟! پرسیارەکەی هەڵیدایە ساحەی ئێمەوە، تۆپێکی ئاگرین بوو و دەبوایە خۆمانمان لێی بپاراستایە. من یەکسەر تێپەمەکەم لێی وەرگرت و هەڵمدایەوە ساحەی خۆیەوە، بزەپێکەنینێکم کرد و پێیم وت: تۆ خۆت چۆنی دەبینیت؟ زۆر بەجیددی وەڵامی دایەوە، وتی: وەڵا بە ڕای من لە سەدا هەشتامان، بە خۆیشمەوە، تەواو نین! من وتم بەرپرسەکانی وڵاتی خۆمان زۆریان تەنیا تەماشای ئاوێنەیەك دەکەن کە ڕوخساری خۆیانیان جوان پیشان دەدات، تەنیا گوێ لە کەسانێك دەگرن کە مەدح و سەنایان دەکەن، بۆیە زەحمەتە هەرگیز ڕاستییەکانیان وەك هەیە، ئاوها پێ بگات.

لە درێژەی قساندا وتم: ئەوەی ئێستا بەڕێزت دەینوێنیت، لەوەی هەر کەسێك بیەوێت، دەتوانێت بەبێ پرسگە و نەرەگرتن بۆت بتبینێت، شتێکی زۆر گەورە نییە، لێ چونکە سیاسییەکانی دیکە کەس بەئاسانی دەستی پێیان ناگات، ئەمەی بەڕێزت دەیکەیت، بۆت بووەتە ئیمتیاز! نە ئەو و نە کەسی دیکە هیچیان نەوت. بەڵام دوای ئەوەی دەرچووین، بە خۆمم گوت ئەگەرچی لە دەربڕینی ئەو بڕچوونەتدا نیازت خراپ نەبوو و ئەوەی وتت ڕاستییەکی بگومانە، لێ دەربڕینەکەت زەق و ڕەق بوو، دوور نییە دڵی ئەو پیاوەت بەو قسەیەت ڕەنجاندبێت.
گەڵ باس تاووتوێ کران، بەداخەوە زۆرکیانم بیرنەماون،

ئومێدەوارم ئەو بەڕێزانەی تر بیریان مابن. باسی زمان کرا، چەند وشەیەکی هێنایە ناوەوە، دەبینم زۆر بەچڕوپڕەوە لە هەگوێشەیان ورد دەبێتەوە. ئیمەیش بەیمان دەسەندەوە.

شتێکی تر کە لەو دانیشتنە بیرم مابێت، پرسیارێکی بوو دەربارەی نەخشیی دەروونیی درۆخایەن، پرسی: ئەو نەخشانەی خۆزانیان نییە و بڵانەن، لە لای ئەوە جێیان دەبێتەوە؟ ئیمەیش بەوردی باسی دۆخی نەخشخانە و شێوازی وەرگرتنی نەخش و کەمیی جێگەمان بۆ کرد. وتی: ئەی چۆن تا ئێستا بیر لەوە نەکراوەتەوە بەشێکی گەورە دروست بکرێت و هەموو نەخشەکان بگرێتە خۆی؟ ئیمەیش وتمان: ئیمەیش دەپرسین بۆ نەکراوە؟ ئەو پرسیارە دەبێتە حکوومەت وەڵامی بداتەوە. ئینجا ووی لە کاك ڕەبین کرد و پێی وت: "ئەمان دەزانن، نەخشانی شیزۆفیرینیا، ئەگەر چارەسەریان بدرێتێ، چاك دەبنەوە" لە ووم نەهات پێی بڵێم لە ووی زانستییەوە وا نییە!

باسی زانکۆ و نووسین و ئەو شتانەیش کرا، پەیمانم پێ دان دوو کتێبی خۆمیان بۆ بنێرم، دواتر پەیمانەکەم لەگەڵ وی بەسەر برد و هەردوو کتێبی (نەخوێندەواری لە زانکۆدا) و (فووکردن لە خەڵەمێش)م بۆ نارد، کەچی تا ئێستایش قەرزداری کاك ڕەبینم و بۆ ئەوم نەناردوون!
ئەو ڕۆژە وا دیار بوو جەوی خۆش بوو، تاقەتی قسەکردنی هەبوو، زوو زوو سوعبەتی دەکرد و پێدەکەنی. نیو سەعاتێك یان زیاتر بوو دانیشتبووین، لەپڕ بێدەنگ بوو، تەماشایەکی بنمیچی ژوورەکەی کرد، سەری بە لای دەستەڕاستیدا سووڕاند و بێدەنگی قەیرێك ژوورەکەی داپۆشی، تاقە شتێك بێدەنگییەکەی دەشکاند دەنگی کۆخەی وی بوو. زانیم ئەگەر لەوە زیاتر دابنیشین، میوانێکی هەزاقورس دەبین. ووم لە د.فهمی کرد و بەئەسپایی لێیم پرسی: نەڕەبین؟ ئەویش سەری ئەڕی لەقاند. ووخسەتمان خواست و هەستاین، خۆی و ڕەبین هەردی لەگەڵمان هەستان و خواحافیزییان لێ کردین.

لەو سێ جار بینینەیەوە و لە خوێندنەوەی هەندێ کتێبییەوە، بۆم دەرکەوت ئەو کەسێکی بڕمنەتە لە قسە و ڕای دەوروبەر، زیاتر لەگەڵ خۆیدا دەژی، خەڵکناسە، حەزی لە سادەییە، قسەیەك بە ڕاستی بزانێت دەیکات، ئەگەرچی هەق و ئازاردەریش بێت، لێ مەرج نییە مەبەستی ئازاردانی بەرانبەر بێت. هەر سروشتی وایە. هەروەها بۆم دەرکەوت ئەو پیاوە زۆر زیاتر لەوەی دەریدەبڕێت بیر دەکاتەوە و خەمیش زۆر هەڵدەگرێت، هەنگە زۆر نهێنیی لە ژیاندا هەبووبێت، هەتا لە دنیایش دەرچوو کەسێکی شکنەبردبێت لە لای درکاندبێتنی!

سادەییەکەی دروستکراو و زۆرلەخۆکردوو نەبوو، ئەو زیاتر بیرکەرەوە بوو، زیاتر نووسەر بوو لەوەی سیاسی بێت. ڕاستە هۆشی بەسەر زۆر شتدا دەشکا، لێ لە ڕووی دەروونییەوە نەیدەتوانی هەموو شتێك تێپەڕێنێت. نەیدەتوانی بە نهێنی جنێو بە کەسێك بدات و ڕووبەڕووبشماچی بێ هەڵدات.
باسی ڕابردووی دەکرێت و دەڵێن گوایە خەڵکێکی زۆری کوشتووە. من نازانم ئەوەیان تا چەندێك ڕاستە، لێ دەزانم ئەگەر ئەوەیشی کردبێت، کەسێتیی ئێستای درێژکراوەی ئەویانە، هەرکەسێکی کوشتبێت لای خۆی پاساوی هەبووە، چۆن سۆی لەوە نەکردووەتەوە قسەی ڕەق بە هەرکەسێك بکات کە بە شیاوی زانیوە، هەر ئاوهایش گوللەی بە کەسێکەوە ناوە کە بە شیاوی زانیوە. ئەمە پاساوی کوشتن نییە، دەمەوێت بڵێم ئەو پیاوە نەگەڕاوە، وەك بڵێن جاران کەسێك بووبێت و دواتر بووبێت بە کەسێکی تر.

ئەوەی خوێندتەوە نە پەسنە و نە شکاندن. هەرچییەك دیومە و پێی گەیشتووم هەر ئەوەم خستووەتەڕوو. ئومێد دەکەم لە داهاتوودا دەرفەتم بۆ بڕەخسێت زیتر و وردتر لەسەر ئەم کەسێتییە جیاوازەی نێو کایەی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردی قەڵەم بگرم.

خواندنەك د ڕمانا (ناخۆن دەرزی)* دا … عبدالرحمن بامەرنی

کەرەستێ سەرەکی یێ ڕمانا (ناخۆن دەرزی) ل سەر هاتیە نقیسین، تابلویێ زارێیەکێ جگارە فروشە! ڕمانقیس دنیڤا ئێکێ یا ڕمانا خوەدا و زێدەتر، ڕولی دەتە دووکارەکتەرێن سەرەکی، ئەو ژی زارێیەکە بناڤێ (کەژو) دیسان هونەرمەندەکێ شۆوەکار بناڤێ (زامدار)ە، ئەڤ هەردوو کاراکتەرێن هەنێ، ڕولێ سەرەکی دناڤا ڕمانێدا دگێرن و تا دوماهییا ڕمانێ ناگەهن ئێك. ڕمانقیسی دەرازینکەکا جوان دارشتییە ژبو چوونا ناڤ ئاڤاهیێ ڕمانێ، ئەو ژی، دووئالیا هەردوو کاراکتەرانە. بریا دروستکرنا تابلویێ ڤی

زارەکی، خواندەڤا کلیلەکێ دبینیت، چەندین کودێن رەمانێ ب وێ کلیلێ دهێنە ڤەکرن، دەما زامدارێ هونەرمەند ل جاددێ زارێیەکێ جگارە فروش دبینیت و سەرێ وی دناڤ چوکێن ویرا، هوسا دبێژیت: "ئەها ئەڤە بوو ئەز ل بەندم!"، ل بەرامبەری کێشانا چەند وێنەیێن وی، زامدارێ شۆەکار لدویڤ داخازییا وی سوزا کرینا (فانێلەیەك بەرشەلونا) پێددەت. رەمان رەرەوا خوە دگریت و رەمانێقیس کاراکتەرێن نوی راکێش دکەتە ناڤا رەمانێ و تایەکێ لدویڤ کەژوێ جگارەفروش و ژیانا وییا سەخت بەرددەت و تایەکێ رەمانێ لدویڤ زامدارێ شۆەکار بەرددەت، تشتێ هەردوو تایێن رەمانێ دگەهینتە ئێك، تابلویێ زارەکێ جگارەفروشە، ئەڤ تابلویە، گەلەك بناڤ و دەنگ دکەڤیت و ب بهایەکێ باش دهێتە فروتنێ و چەندین کوپی ژبەر دهێنە دروستکرن و ل دکانان دهێتە نمایشکرن، هەر جار ئەو زارێ هەولددەت وی تابلوی بدەست خوەڤە بینیت، بەلێ نەشێت و بدەستڤەئینانا وی تابلوی بێ وی دبیتە خەون و دەستان ژخەونا خوە بەرنادەت، دزیکرن و کارێن خراب، دا پارێن تابلوی بدەست ڤە بینیت و دەما نەشیایی بهایێ تابلوی کومڤەکەت، تابلوی ژدکانێ ددزیت و دهێتە قوتان و دکەڤیتە دەستێ پولیسان. ل ئالیێدی، زامدار سوزاخوە خو بێوی زارێی ژبیردکەت. رەمان لڤێرە ناراوەستیت، بەلکو رووداندێن نوو، پەلکێش دبن و رەمانێقیس هەولددەت خواندەڤانێ خوە لدویڤ دەزیەکی ببەت، رووداندان ددەتە دووڤ ئێك، دێ چاوان زارەکی و هونەرمەندی گەهینتە ئێك، ئەڤێ ژی پێدڤی ب چەندین کاراکتەرێن نوو هەبویە و دیسان چەندین رووداندێن نوو کو هندەك جاران مروڤی هەست دکر، رووداندان وەك فلمەکێ هندی دکەڤن بەرچاڤێن مروڤی.

جوگرافییا رەمانێ:

پتریا جوگرافییا رەمانێ ل زاخو هاتیە وێنەکرن، تشتێ بالکێش ژ بو نڤیسەرەکێ ژیاتی بو باژارێ خوەهەی، گرنگیدانە ب بەرچاڤکرنا رویێ جوانێ باژاری، دانەنیاسینا کەلتور و ناڤدار و شوونوارێن باژاریە، وەك (پەیکەرێ سەیدا سالح یوسڤی، ئەیاز یوسف و ئەردەوان زاخویی، پرا دەلال و ئاڤا خابیری و چیایێ خامتیر و ناڤێ چەندین تاخان و دیسان ناڤێ کوڤان سندی و ناڤئینانا رەمانا وی...هتد).

زمانێ رەمانێ:

رولان بارت دبێژیت: "نڤیسینێ زمانەکێ تایبەت و بێهنەکا سەربەخو هەیە"، زمان دشێت ململانا دناڤبەرا ئاخفتنێ و نڤیسینێ دا خورت بکەت و دیسان زمانێ ئاخفتنێ جوداهییا خوە ژ زمانێ نڤیسینێ هەیە و ئەو تشتێ رەمانێ بسەر دئێخیت، زمان و خەیالە و دیسان

رەوشەنبیریا رۆمانتیسی. دخواندنا ڤێ رۆمانێدا مروڤ زیق هەست بڤێ جوداهیێ دکەت و کا چەند نقیسەرێ رۆمانێ خوە بزمانیڤە ماندیکریە، هەڤوکێن جوان، پەیڤێن نوو و رستەیێن لێکدایی دکەڤنە بەرچاڤێن مروڤی و ددەمەکیدا، کوردستان بهەمی زاراڤ و دەڤوکێن خوە ڤە، بو زمانەکێ ستاندارد دنالیت، ئەگەر هندەك نمونا پەلکێش بکەین، وەك (ئاژوکار بێ شوفێری، چاگێر بێ چایچی... هتد). هەر چەندە گەلەك جاران ژ کێم ئەزمونییا رۆمانتیسی د زمانیدا، هندەك پەیڤان جهێ خوە نەگرتینە، وەك (کوتەل نەك کودەل یان دەهول قوت نەك دەهول ژەن)، دیسان رۆمانتیسی هەولدایە خوە بەرەڤ دەڤوکا باکور ڤەبکێشیت و دبیت بهزرا وی، دەما ئەڤ پەرتوکە ب پیتێن لاتینی دوبارە بهێتە چاپکرن، رەنگە خواندەڤایەکێ زێدەتر لدوورێن خوە کومبکەت و ئەڤە ژی مافەکێ رەوایێ نقیسەری یە، لێ دیسان ژبەرکو جوگرافییا رووداندێن ناڤا رۆمانێ ل زاخونە، دڤیابا دەڤوکا ڤێدەرێ زێدەتر بەرچاڤ هاتبایە وەرگرتن، ما چ قەیدی یە، ئەگەر شوونا پەیڤا (خێر) کو بدەهان جاران درۆمانێدا دوبارەبویە، پەیڤا رێژ شوونا وێ هاتبایە بکارئینان، بو نمونە.

تەکتیکا رۆمانێ:

ئەرکێ رۆمانێ بتنێ دیارکرنا رووداندان نینە، بەلکو گەلەك گرنگە سیحرەك درۆمانێدا هەبیت، کو خواندەڤانی ددووڤخوەدا راکێشبکەت، زمانێ ڤەگێرانێ زمانەکێ فەنتازی بیت و خواندەڤان دڤەکرنا کوداندا ماندی ببیت. رۆمانتیسی لڤێرە هەولدایە بتەکتیکەکا جوان، لدووڤ رێزبەندیەکێ رووداندێن لدووڤ ئێك ئاڤاهیەکی پێك بینن، کو رەنگە بدەهان پسیار و تشتێن نوو بکەڤنە دناڤا مێشکێ خواندەڤانیدا و ئەو پێشبینیێن وی بو دوماهیا رووداندان دیارکرین، ب وی رەنگی دەرنەچن. رۆمانتیسی گەلەك وێنەیێن راست پەلکێشکرینە ناڤا رووداندان، ژوان، هەژاری، زارۆکێن بێخودان و ئەگەر چاڤدێریا زارۆکان نەهێتەکرن، دێ توشی ڤارێبونێ بن، دزیا کەن، وەك (گوهدوی و شیموی و خەلەکی) و دێ ژلایێ کەسانێن مەزن و خودان پارەڤە هێنە (ئیستیغلالکرن) وەك شیموی و دیسان زەنگینییا ژ نشکانڤە و ئەڤێن بوینە کادرێن حزبان و چاوان پوستێن خوە بو مەرەمێن خوە بکار دئینن، وەك بابێ زامداری و چاوان ژ نشکەکێڤە زەنگین بو و دیسان چاوان بریا پوستێ خوە یێ حزبی شیا پولیسان بدەنگ بکەت و وژدانا نوژدارەکی بکریت! ئینانا چیروکا ماسیگری لدەستپێکا رۆمانێ و گرێدانا وێ چیروکێ ب ئێڤاریەکا خوارنا ماسیێ ڤە و تا ئەڤ مەهڤانداریە دبیتە ئەگەرێ ڤەکرنا مەزنترین کودێ رۆمانێ و چاوان لدوماهیێ هەڤژینا وی، ئەوا ماسیگری ژ مرنێ رزگارکری وی ناس دکەت و بهندەك گوتنان، بیردانکا

وی بۆ پاش دزڤرینیت، وەك چیروکا ئوتیکرنا سەروچاڤان یا پیرەمێری و پیرەژنێ، دیسان قەلاندنا مەلاکێ و دەما گوتێ ئەگەر مەلاك نەبو دێ بو تە مەلاکا خوە قەلینم، دیسان نمایشکرنا تابلوێن وی و ئەو چیروکێن ددووفرا دەڤن، دگەل ڤانەهەمییاندا، شێوازێ قفلکرنا رێمانێ، ئەڤژی بهزرا من شارەزای بو دڤێت، ئەگەر هات و رێمانا وی سەرگرت و خواندەڤان لدوورێن خوە کومکرن، بشێت بەردەوامێ بدەتە بەشێ دوێ ژ نڤیسینا ڤێ رێمانێ.

رووداندێن رێمانێ:
ئێك ژ مەرجێن نڤیسینا هەر رێمانەکێ، هەبونا رووداندنانە، لێ دڤێت نڤیسەری پاشخانەیەکا مەعریفی یا باش هەبیت، نڤیسەر و رەخنەگر ئازاد عەبدولواحد دبێژیت: "مەرج نینە هەمی رەوشەنبیر نڤیسەر بن، بەلێ مەرجە هەمی نڤیسەر رەوشەنبیر بن"، رێماننڤیس ژی دڤێت ژ باگراوەندێ خوەیێ رەوشەنبیری بزانیت دێ چاوان رووداندنان دروست کەت و دانیتە جهێ وان یێ دروست. راکێشکرنا رووداندنان بو درێژکرنا قەبارێ رێمانێ یان ژی بو ئازراندنا هەستێن خواندەڤانی وەك ئەو کەسێ دزیندانێڤە چیروکا خوە و کوشتنا ژنا خوە بو زامداری ڤەگێرای، کو بهزرا من، رووداندنەکە و رێماننڤیسی ژ قەستا زوم دایە سەر. چیروکا (کەڤالێ) ئەو ژنا د مالا ماسیگریدا، بێی وێ ناس بکەت، دەرکەتنا هەردوویان دگەل ئێکدا و داخباربونا وی ب وێ ژنێڤە و تا داخوازا شیکرنێ ژێدکەت و ئەو دبێژتێ ما چاوان مروڤ دوو جاران شیبکەت، هەر چەندە ددەمێ مروڤ رێمانێ دخوونیت دیار دبیت، رێماننڤیسی هەولدایە وێنەکێ جوان و سەرنج راکێش ژوێ رووداندنێ دروست بکەت، لێ ئەڤە نابیتە بەهانە، رێماننڤیس پێ خواندەڤایێ خوە رازیبکەت کو کور و کچەکان حەز ژ ئێك کربیت و پاشی پروسا هەڤژینێ پێکئینابیت و دلێ دەیبابێن خوە ل سەر وێ هەڤژینێ بهلیت و ببنە خودان زارۆك و لدوماهیێ و پشتی چەندین دیداران وێ ناس نەکەت.

ئەنجام:
ژوان هەمی رێمانێن لدەڤەرا بادینان من خواندین، ئەڤە ئێك ژوان رێمانێن باشە ب بەرچاڤێن من کەفتی و لدووڤ ئەزمونا نڤیسەرێ رێمانێ و تەمەنێ ویێ گەنج، ئەز باوەرم دێ پاشەرۆژەکا گەش ل پاش وی هەبیت و دێ مە رێمانێن جوان هەبن.

• ناخێن دەرزی، رێمان، ئومێد سەگڤان، چاپخانا رێنما سلێمانی2016.
• دروژنامە ئەڤرو ژمارە 1930 دا ل روژا 9/8/2016ێ دا هاتیە بلاڤکرن.

ێفراندم دژی بەدەوڵەت بوون … زانا شێخ محمد

کورد هەمیشە لەهەوڵی کیانێکی سەربەخۆی خۆیدا بوە بە ئەم مەبەستەش قوربانی زۆر زۆری داوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆسەدەکانی ڕابردو ئەو هەوە و ماندو بونانەمان بۆرچاو دەکەوێت هەر لەکەماری مهابات و بابان و تا دوایی.. ئەمەی کورد بەردەوام هەڵگری دووبارە دەکەینەوە لەکاتێکدا چەندین هەزاری گەورەمان کردوە کاتێک کە هەڵی مێژویی هاتۆتە پێشەوە بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەت بون بەناوی ئەمەی پشت گوێمان خستوە یان لەبەر دوژمنان خۆمان لەو بابەتە نەداوە کورد بەردەوام دو بەرە بوە بەرەیەک هەوڵی کیانی سیاسی داوە لەچوارچیوەی یاسادا و تاک مافی پارێزراو بێت و خۆش گوزەرانی بۆخۆی بێتە کایەوە بەرامبەرکەشی بەردەوام پێچەوانە کاری کردوە هەوڵی تێکدانی ئەوەی داوە بەپشت بەستن بەبیگانە بە مانەوەی کەسێک یان حزبێک یان بنەماڵەیەک هەمو کات دروشمی هەمو لایەنەکان و کەسایەتیەکانی کوردستان بۆ کیانی سیاسی بوە پێشتر لەساڵانی هەفتاکانی سەدەی ڕابردو پارتی بەسەرکایەتی بارزانی باوک لەگەڵ ژەم هەکەوتن بۆئێتەنەمی دواتر ئەوەش شکستی هێنا و شەشکەشی پێوە لێناو چوو لەساڵی ٢٠٠٣ لەپێناسەی ئازادی عیراق کە ئەمریکا ڕابەرایەتی دەکرد کورد هەلێکی گەورەی بەدروست بو بەوەی لەعیراقدا دەوڵەت و هێزو حکومەت نەما بەڵام هەرەمی کوردستان خاوەنی حکومەت و هێز بوو دەیتوانی بەپێداگری لە دواخاکی کوردستان بکات و بیسەنێت بەڵام بەداخەوە لە یادەوەرییەکانی پێ بەریمەر حاکمی ئەوکاتەی ئەمریکا لەعیراق دەگێڕیتەوە زۆر لەوە دەترسام کوردەکان داوای کەرکوک و ناوچەکانی تر بکەنەوە چونکە مێژوی کوردم خوێندبوەوە دەمزانی دەیان ساڵ بە ئەو مەبەستە هەوە دەدەن بەڵام کاتێک هاتن بەڵام سەرکردەکوردەکان داوای بوجەیان کرد منیش سەرم سوڕما بەم دەرکەوت ئەمانەی سامانیان دەوێت نەک خاک و نەتەوە بەیە منیش بەخشحاڵیەوە داواکاریەکەم بە جێ بەجێ کردن ئەستا دوایتپێ بونی ١٤ ساڵ بەسەر پێناسەی ئازادی عیراق پارتی دیموکرات کوردستانی عیراق بەسەرکردایەتی بارزانی دەیەوێت کەشێی سەرکایەتی هەرەم کە ماوەکەی تەواوبوە بەزەبری هێز لەو پێستماوەتەوە بیری میللەتی

بەرێتەوە هەروەها دەرگای پەرلەمانیشی داخستوە تاوەکو میللەت ناچاربکات بەوەی کە دەنگ دان یان دەنگ نەدان سودی چییە کە پارتی کەی بیەوێت یاسا سەروەرە کەیش نییویست پشتلی دەکات پارتی بەم هەوەستە دیەوێت چەند ئامانجێک بپێکێت .

١ ـــ پارتی وەک هەزکی خەمخۆری میللەت بە دەوڵەتداری دەربخات

٢ ـــ مەسعود بەرزانی لەسەر پستە ناشرعیەکەی بەردەوام بێت

٣ ـــ دەرگای پەرلەمان بەداخراوی بمێنێتەوە ئەگەر پەرلەمان کۆتایی پێ بهێنێت

٤ ـــ دەستەمۆ کردنی هێندێک حزب

٥ ـــ بەردەوام بون لەسەر برسی کردنی خەڵک

٦ ـ بەردەوەم بون لەسەر بردنی سامانی میللەت

٧ ـ جێ بەجێ کردنی ئەجیندای تورکیا

دواتر ئەم ڕیفراندەمە ئەستا کەیکەتیش پڵکەشی ناو سیاستەکەی پارتی کرد بۆ ئەوەیە خەڵک بەنەخێر دەنگ بدات بۆ خەباتەوەبردن بۆ لەهەبژارنەکانی هەرێمی کوردستان و عیراق هەردو حزبی دەسەڵاتداری هەرەم بەتەڵەن پارێان سەرف کردوە بەخەڵک دەمانچەو لاپتەپ و زەوی و ئوتەمبێلیشیان تیایادا بەخشیوەتەوە و سزا سیاسی خەڵکیان داوە خەڵکیان زیندانی کردوە هەمو دەسەڵاتکانی حکومەت و هەزی چەکداریان بۆ ئەو مەبەستە بکارهێناوە و تەزویرکەر زەریشیان کردوە ئەوجا جار بجار دەنگکانیان کەمی کردوەو کەمتر بەتەوە ئەستا لەکاتکدا خەڵک نانیان بیوە گوزەرانی خەڵک لەو پەڕی خراپیدایە لەسایەی حکومەانی ئەم دو حزبە دەسەڵاتدارە نەوت و کارباو خزمەت گوزاری و دەوامی فەرمانبەران و موچە هەموی کەمی کردوە پەرلەمان پێک خراوە وەزیر بە وەزارەتەو وەزارەتی بە وەزیر سەرکەکی نا شرعی یاسا پشێل کراوە بەئەجیندایەکی دەرەکی و بە ئەنقەست بەئەوەی خەڵکەک زەر بەهەی ئەم خاەانەی کە باسمان کرد و بەهەی گوزەرانی خراپیانەو بە نەخێر دەنگ بدەن ئەوەش دەچێتەوە گیرفانی دوژمنان و جاریکی تر کورد مافکی دەوڵەتداری لەدەست دەدات جا بە سەلماندنی ئەم ڕاستیە کاتێک وەفدە حزبیەکەی ڕیفراندەم سەردانی بەغدایان کردوە بەسەرەک وەزیرانی عیراقیان ڕاگەیاندوە کەیفراندەم بە سەربەخۆیی ناکەین وەفدی پارتی هەمان شتی بە تورکیا ڕاگەیاندوە لەهەموشی سەیرتر ئەوەیە لەکوردستاندا سیستەم حکومەت و دام و دەزگا بەئەوە نابات حزب بەئەوەی دەبات تەوای جومگەکان حیزبین دارایی سەربازی پەیوەندی دەرەوە ئەمنی بەدەستی حیزبە بەئارەزوی حزب هەسو کەوت دەکەن سنورەکانی هەرەمی کوردستان دوژمن بەسنوری خۆی دەزانێت نمونەش بەردومانی تورکیا لەشەنگال کە شەڤان و پەشمەرە شەهید بوە و دەسەاتیش گوی خۆی

لەخواندوە کامە ڕێفراندەم کامە دەوێت .

پێژیەکی هەوەست ئامێز لەژێر ناونیشانی گەڕانەوەی ئینتیما بۆ نیشتیمان لای هەومان

ئامانج کەریم

هونە ئەوەی کە هەرگیز حیزبی بۆعەس نەیتوانی پێیەوی بکات کە نەمانی ئینتیما بو بۆ خاک و نەتەوە و پێی جێ بەجێ نەکرا حیزبە کوردیە خەماڵیەکان کردیان لە ئاکامی سیاسەتی بەرژەوەندی خوازی و پاوان خوازی و بۆ تاڵان بردنی نیشتیمان لە لایەن سەرانی یەکێتی و پارتیەوە کارەکیانکرد نەوەی نوێ و جیلی نوێ و بەتایبەت تر ئەو جیلەی دوای ڕاپەڕین کە ئیستە دەبو هەمویان دایندەی بڕەو دان بە ئاوەدانی و درک کردن بۆ زوەمە گەورانەی کە لەپشودا کورد چەشتونی بەدەست حوکمی عەرەب و داگیرکەرانەوە لە باشوری کوردستان دەبو ئەم جیلە بە شێوەیەک گۆش بکرایە کە لە پیناو هەناسەیەکی ئەو ئازادیەی وەبەر هەنراوە بۆ خونی هەزارەها شەهید و ڕەنج و ماندو بونی ئەو شەهشانەی کە کراوە لە پێناوی حوکمی سەربەخۆ و خەماڵی و ئازادی و دیموکراتیدا هەموچرکەیەک ئامادە بێت وەک مەبدەء گیانی خۆی ببەخشێت کە ئەمەیش بۆ پیشاندانی چەمکی ئازادی و ئابوری بەهێز و شەفافیەتی ئیداری و دەسەبەرکردنی ماف و ئەرکی هاونیشتیمانی دەکرێت کە بۆ داخەوە لە یەکەم کابینەی حکومەتی کوردیەوە تا ئەم چرکە ساتە خەک و هاوڵاتی جگە لە ئەرک بەسەردا سەپاندن و ڕوت کردنەوەو ڕاودونانی بچوکترین مافی بۆ دابین نەکراوە کە زۆر نەچینە قوڵای بابەتەکەوە تەنها هێندە بەسە باسی مافی هەبونی ئاوو کارەبا بکەین کە سەرەتای ترین مافی مرۆڤە کە دەبە حوکمەتان بۆی دابین بکات .

بەم پێیە گەر ورد بینەوە تاک و هاوڵاتی هیچ جۆرە سەز و هیچ جۆرە ئینتیمایەکیان نەماوە بۆخاک و نەتەوە بە جۆرێک شەونەراوە تەنانەت کار گەیشتۆتە ڕادەیەک خەڵک بە گشتی بۆزی بە سروشت و جوانی

خۆسکی نیشتیمانیشدا نایەتەوە هەر بەیە بە پەویستی دەزانم یەکەک لە هەنگاوەکانی گروپەکانمان چ لە ناوخۆی وڵات و چ لەهاندەران گرتنی چەمکەکی گەلانەوەی ئینتیمای نیشتیمانی و نەتەوەی بێت ،، لە ئیستادا توانای ئەمە تەنها تەوعیەو نوسینە بە گەلانەوەی ئومەد بە خۆکی بە ئومەد کراو کە هەشتا خوێنەک ماوە لەم وڵاتەدا دەجوڵێت بە ئاستەی شۆشی مەدەنی خەنەویستی و دیفاع کردن لە خاکەکی پارچە پارچە کراو چ بە دەست حوکمی بێگانە بە پارچەی گەورە و چ بەدەست حوکمی خەمائی بە زەن کردن وەک دەڵێن زەنی زەرد یاخود زەنی سەوز یاخود زەنی نیلی ،، لەبەردا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم بەتایبەت بە هاوڵاتیانی دەرەوەی وڵات دەکرێت ئەمە بە ئەم پڕۆژەیە ئازارەکان و نەهامەتیەکان بخەینە ژێر پشتەماڵکی کوردەواریانەوە و تەنها باس لە موعاناتی دوری و غەریبی نیشتیمان بکەن چونکە ئەو شیرینیەی نیشتیمان کە ئەمە لەی دەژین چەژمان لەی تەرە ئەوەن تەنها ئەوەن درکی تامەزرەی دەکەن و هەموتان گەر ڕاستگۆیانە بڵێن گە و بیر لە حوکمی ناعەدالەتی یەکێتی و پارتی نەکەنەوە دوا بەیەکتان کاتژمێرەکانتان دەژمێرن بە وادەی گەلانەوەتان بە باوەشی نیشتیمانی دایک ،، ئەمە ئەوانەی لەکوردستان دەژین دەکرێت بەدەر لە هەمو گرفتەکان پیشانی هاوڵاتیو هەڤاڵکانمانی بدەین کە ئەوە ئەمەین ئەشتا بە خاک بە نەتەوە خەبات دەکەین بەرژەوەندی حیزبی و شەخسیمان وڵا ناوەو تە دەکەشین بە خەشویستی نیشتیمان و بەرجەستە کردنی ماف و حەقی هاونیشتیمانیان و لەپەناویدا دەستمان ناوە بەوی ئیمتیازات و پلەو پەست و بەرژەوەندیەکان و بەردەوامیش دەبین نەمامکەو ناشتومانە بە خوێنی خەمان ئاوی دەدەین تا گەر خەیشمان لە بەری نەخەین بتوانین سایەو سەبەرەک بە نەوەکانمان وەبەر بنین لەو پەناویشدا هەمو شتەک دەکەینە وەسیلە بە گەیاندن بەو بیرو باوڕەی هەمانە حیزب و سیاسەت و دارای و بیرەکەو ئەدەب و هونەر و تەواوی هەنگاوەکانمان و هەوڵەکانمان دەخەینە خزمەتی ئەو کارو پڕۆژانەی هەهەندی نیشتیمانیان هەیە.

ڤایروسی خۆپەرستی و پەتای

دەستەکان... یەریقان شەهید شاسوار

کەمن ئەوکەسانەی پێش وەرگرتنی پێستەک دەستزن و دوای وەرگرتنیشی بەدەستەوە ربەنام زەرن ئەوانەی کە بەشان و باڵی هاوڵاتی و خزمەتدا هەڵدەن بەنام بە دوو پرسگە هاوڵاتی ئاسایی نایانبینە . بەمەئەوترە پێتای پێست یان دەستەکات لەم وڵاتە ئەگەر کارت بکەوێتە فەرمانگەیەکی حکومی ئەبە سە چوار فیوزی سەبرو تەحمولی زیادە ببەستی .

سەیرە خەڵکستی بە شێوەیەک بەخوێنماندا ڕە چووە لەکاتێکا خاوەنی دەستەکاتین زور ئاسایی یە بەڵامانەوە کاتێک مامەستا بەتەمەنکەمان چەند سەعاتە لەپرسگە چاوەڕوانی واژوویەکی سەر نوسراوی خانەنشینیەکایەتی بە گوێدانە تەمەن و خزمەت بارە ئەکرە چونکە جەنابی بەڕێوەبەری بەش !!!کوبوونەوەی هەیە .

نازانین بەچین تاکی گەندەڵ حکومەتی گەندەڵ دروست دەکات یان حکومەتی گەندەڵ تاکی گەندەڵ دروست ئەکات ئاخر ئەمەیەک ڕەژانە چەندین بە ڕەزی ببینین و بە دەنگ بین چەندین هاووڵاتی خانەنشین کە ڕۆژانەک خزمەتکیان پێشکەش بەم مللەتە کردوە بە ویژدانانە چەندین مانگ هاتوچوی مامەڵەی خانەنیشینیەکەی پە بکرە لە چەندین فەرمانگە کارمەندکی بە ڕەز سوکایەتیان پە بکا ئەبە شایەنی چی بین؟! سەیرە ئەم وڵاتە هیچمان لە هیچ ناچە نە کارمەند نە بەڕێوەبەر نە ماموستا و نەهاوڵاتی ِ وڵاتێک قایرسی خەڵکستی و خەبزل زانی خانەکانی مەشکی ڕاندوە مللەتێک پێتای دەستەاتی لە نبرە هەمیشە شایەنی بەزەیی یە بەداخەوە.

بە پشتراستکردنەوەی قسەکانیشم تکایە سەردانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە بکەن کە بەڕێوەبەرکەیان ڕەژانێک دژی دەستەات بوە وە خەی بە ئەپەزسیونکی خەم خەر زانیوە ئەوکات تە ئەگین زەرد و سورو نیلی و سەوز هەمویان یەکن زادەی بیری کویلایەتی پێست و دەستەاتن.

زیندوکردنەوەی کلتوری بەعس ... هیوا

چەن لە ئیستادا بەعسی بون لەکەیە بە دوای ئەوانەی کە هەژدک لە هەژان بەعسی بون هەژدک دەت یەکەتی بون و پارتی بون دەبەتە هەمان عەیبە . دو حیزبی خەخەری بە ناو کوردستانی کە لە مەسەلەی پارەو داهاتدا شەریکە بران و لە داەوتاندنی نیشتیماندا هاوکارو هاو پیشەن هەمیشە خەریکی پە کردنی هەگبەی بە بنیان و گەوجاندنی قاعیدەو جەماوەریانن بە دروشمی گەورەو خەیالی گەورەو لە پەنسیپیشدا جگە لە بەرژەوەندی حیزبی و شەخسیەکانیان و ەازی کردنی ئاغاو قارداشەکانیان هیچی تر لە هەگبەیاندا نەبوەو نایشبەت . ئەمانە کارەکیان کرد هەروەک چەن هەزارەها منالیان بە نازی باوکیان کرد باوکو براکانیان لەشەی براکوژی لەسەر داهاتی نیشتیمان بەکوشت داو پاشگری شەهیدیان دەخستە پاە ناوەکانیان بە گەوجاندن بە هەمان شەویش ئەمەی ئاوارەو پەناهاندەی وەاتانیان لە باوەشو لە سەزی نیشتیمانی دایک بە بەش کرد و ناچاریان کردین لە تاو ئەو هەمو زولەم و ستەم و گرتن و بەین و لەسەر بیرو ەای جیاواز کە نەدەبو بەدەر لەوان بیربکەینەوە و یان دەبو زەرد پەشی نەفرەتی لە کراوی سەوز بین یان سەوز پەشی نەفرەتی لەکراوی زەرد بین لە ئاکامی ئەم هەمو نا یەکسانیو ناعەدالەتیە بە ناچاری ملی هەگای ئاوەڕی و دەربەدەریمان گرتە بەر تا هەر هیچ نەبەت وەک مرۆڤ لەوەاتەکدا بژین و بە چاوی مرۆڤانە مامەلەمان لەگەڵ بکرەت ئەستە لە تاراوگە ئاوەی بەی هاتین وەدەستمان کەوت . دەتوانین بەین مرۆڤین بەبەام شعورو ئیحساسی مرۆڤ گەر مرۆڤانە تە بفکرەت تەنها مرۆڤ بونبە خودی خەی بەس نیە ئەی نەتەوەو هاوەاتیانی تری نیشتیمانەکەم ؟ ئەی منالە بە باوکەکانی شەهیدی ناوخە ؟ ئەی خزم و کەس و دراوسە و گەڵەک و شارەکەم ؟ ئەی هەرەمە بە نازو پارچەکراوو دابەشکراوەکەم بەسەر زەنی سەوزو زەرددا ؟ مرۆڤ کاتەک لەرە لە وەاتەکی غەریبی دور لە کلتوری خەی دور لەزمانی خەی دور خزمو عەشیرەت تەنها لەژەر چەتری یاساو مافی مرۆڤ بونیدا ئەم هەم و ماف و هەزە لە سیستەمەکی دامەزراوەیدا دەبینەت لەی دەگیرەت .. ئەنجا درک بەوە دەکات چەندین سالی تەمەنی کە تەی پەاندوە لە کوردستان لەژەر حوکمی کوردی و خەماەیدا چ بە هەزیەک چ نا مرۆڤایەتیەک بە خاک و نیشتیمان و کلتورو زمان و کورد بونی کراوە ، هەوتی مەژو هەحم بە هیچ کەسەکو هیچ لایەنەک ناکات . لە هەوسیالە شاری

ستالینگراد دوو گەستان هەیە یەکەکیان پێی دەوترێت گەستانی شەش گەکان ئەوی تریان پێی دەوترێت گەستانی خیانەت کاران لە دوای سەد ساڵ لە لەکەینەوەکاندا بەیان دەرکەوت کە ئەفسەرێک لە ڕیزی شەشگەکان خیانەتی کردوەو زانیاری سەربازی داوە بە ئەمانیەکان لەدوای سەدیەک پێیان ڕەوا نەبینی لەو گەستانە گەکەی بەمنەتەوە ئەسک و پروسکیان لە گەڵ دەرهێناو بردیانە گەستانی خیانەت کاران ، ئەمە مەژووە هەر بەیە دەڵێم چۆن لە ئەستادا بەعسی بون لەکەیە لە ئایندەدا یەکێتی بون و پارتی بون سەد هێندەی بەعسی بون دەبێتە لەکە.

لایەنەکان چۆن هەژمونی پارتی کەمدەکەنەوە ؟ … سەوارە سەدووبیستی

لەماوەی ڕابردوودالەغیابی نەبونی لایەنێکی کاراو چالاکی ئۆپۆزسیۆندا سەرهەڵدای تاقیکردنەوەی چوارسالەی یەکەمی تەمەنی وەک ئۆپوزسیۆن بزوتنەوەی گۆڕان وەک کاراکتەرێکی سەرکەوتووتوانی بەرجەستەی خەمی خەڵک بکات بەڵام پاش تێپەڕبونی چوارسالە بزوتنەوەی گۆڕان کەوتەناویارییەکانی یەکێتی وپارتی ئەوەی ئەوان مەبەستیان بوو گۆڕان تەوەبگەڵنن لەهەموناشرینیەکانی خەیان ئەوابەیان چۆسەر کەئەمەش خواستی هەندێک لەهەڵپەرست وکورسی پەرستەکانی ناوبزتنەوەی گۆڕان بوو گەرچی خودی نەوشیروان مستەفای ڕێکخەری بزوتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ئەوەبون چوارسالەی تری ئۆپۆزسیۆن تاقیبکەنەوە .. ئەوەی ئێستاپەویستبزوتنەوەی گۆڕان بیکات ئەوەیە ڕێکوتنەکەی لەگەڵ یەکێتی یەکلابکاتەوە یان ئەوەتایەکێتی پابەندبکرێت بەجێبەجێکردنی بەندەکانی

ناوەڕۆکوتنەکەوە یان ئەوەتاپشت بکاتئەم ڕێکوتنەوبەدیلەکانی بدۆزێتەوە کەخەی لەهاتنەدەرەوەی لەحکومەت دەتوانێت بەیەکجاری کۆتای بەپاوەنخوازی هەردووجوت حیزب بهێنێت وهەنگاوی گەورەبنێت بەرەوسەرکەوتن وبەدەستهێنانی متمانەی تەواوی زەرینەی خەڵکی

کوردستان .. یان دەبێت گەلان لەگەڵ یەکێتی بێیەک لیست بەشداری پرسەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکەن وپارتی گەشەگیربکەن لەگەڵ پارتەبچوک وپاشکەکانی دەوروبەری کەدەبنەکەمینەئەوکات کێشەش دەبێت مەیلداربکرێت تابڕەنەهاوپەیمانێکی کاراوەستاقینەی گەلان وبەم کردارەش کۆتای بەدەنگەی پاشکۆبونی یەکێتی دێت بەپارتی..

دەبێت گەلان کاربکات بەسەرخستنی هاوپەیمانی هەرسێ لایەنی ئیسلامی وبەهێزبونیان لەژێرنفوزی پارتی تازەترین دەنگ بەدەست بهێنن و تاکارەکی وابکرێت پارتی تەنیالەناوچەیکداتەنیابکرێت ئەگەربتوو ئەم کارانەبکرێ ئەواسەنگ وقورسای ئاستەقینەی خەی دەردەکەوێت وئەوکات ناتوانێت بەم ڕێژەدەنگەکەموو زەرترین دەسکاتکانی لاکەببڕێتەوە. ئەگەربتووو لایەنەکان ئەم جارەدرک بەمەترسیەکانی پڕۆسەی هەڵبژاردن نەکەن کەپارتی بەنیازە بەکێکی زەردەنگ تەزویربکات کەواتەبەدەستی خۆیان هەناسەلەخۆیان دەبڕن کێشەش خۆکوشتنەلەوی سیاسیەوە.. دەبێت هەموولایەنەکانیش بەوریاییەوەماماڵەلەگەڵ یارییەمەترسیدارەکانی پارتی بکەن چونکە پارتی هەزکەهەمیشەگەشەگیری ناوچەیکی دیاریکراوە بەناو لەژی هەڵبژاردندا بەکێکی زەر دەنگ تەزویردەکات وپاشان لایەنەکانیش بەدەنگ دەبن وپارتیش دەبێتەزەرینەی نایاسای.

گەلایەوە ..!! … ئەرکان محمد

لەدوای سەفەرکردنی نەوشیروان مستەفا ئەکخەری گشتی بزوتنەوەی گەلان بەوەاتی بەریتانیا ئیدی لەوکاتەوە تاچەند ڕۆژێک پێش ئێستا هاتنەوە یان نەهاتنەوەی نەوشیروان مستەفا دەنگوباسی گەرمی ناوهاواتیان بوو ..
هاواتیان بەگرنگیەوە هەواڵی تەندروستی ئەم سیاسەت مەدارەیان دەپرسی چونکە بەشێکی زەری هاواتیان ئومێدەکی گەورەیان لەسەرهەڵچنیوە ووەکو ئەگایەک بەگشتن بەئاستەماشای دەکەن .. بەڵام ئەوەی گرنگئەوەیئاخاوەک جاری پێشوو گرنگی دەدات بەکەوتن لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یان جگرەوەکانی ئەم کەوتنە دەدەزێتەوە چونکە دوای تێپەبون لەساڵێک بەسەرواژکردنی کەوتنی نەوان بزوتنەوەی گەلان ویەکێتی نیشتیمانی کوردستان

بۆئامادەبونی تاوانبانی ونەوشیروان مستەفاهەتائێم چرکەیە هیچ کام لەخاڵکانی ناوئێم ناکەوتنە جێبەجێ نەکراوە ..
وەک هەموانیش دەزانین هاوڵاتیان لەباروگوزەرانکی خراپدان وهیچ کام لەلایەنە سیاسیکانیش خەیان ناکەنەخاوەنی خەمی خەڵک وهەمویان خەمی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خەیان وهەمویانیش خەمی خەڵکیان لەیادکردوە لەئێستاداهاوڵاتیانی بەش مەینەت بکەس وبە بەرگریکارن کەوابەت هاوڵاتیان پەویستیان بەابەکە بەزگاربون لەم دەخەچەقبەستوەی هەرەم ..

گەلان لەغیابی نەوشیروان مستەفادانیتوانی بەیاربدات گەرچی خواستی زەرینەی هەسوەاوانی بزوتنەوەی گەلان ئەوبوو گەلان لەحکومەت بکشتەوە بەڵام بەیاربەدستکانی ناوبزوتنەوەی گەلان کەچەندین کەبونەویان ئەنجامداوزیاترلە (12)کاتژمێر لەکەبونەوەی جفاتی نیشتیمانیدابون نەیانتوانی بەیاربدەن کەبکشنەوە لەم دەسەاتکەتاسەرئێسقان بگەنی کردوە.. گەلان دەبەت ببەتخاوەنی هەموودەنگەنازیەکان ولەژێرچەتری خەیداکەیان بکاتوە ئەگەروانکات گەلان زەرەرمەندچونکە پشت وپەنای گەلان تەنهاهاوڵاتیانی ستەملێکراو بەش مەینەتە کەوابەت گەلان دەبەت بەوریاییەوەماماڵبکات ودیسانەوەنکەوتنەوەناوبازنەی یاریەکانی دەسەاتەوە.. گەلان دەبەت جدیترکاربکات بگەیاندنی ئەوهەموسوکایەتیەی کەدەسەاتی کوردی بەتاکی کەمەگەی کوردی دەکات بەجیهانی دەرەوەکەهەرەژەو لەژێرناوەکی جیاوازداریاری بەهەستی تاکی کوردی دەکات.

دەبەت گەلان بکردارخەی جیابکاتوە لەهەموپارتکوردیەکانی ترکەلەژێرناوی گۆڕەی دیموکراسیداکاردەکەن بۆئاستەی تاکەوی لەهەندە ناوچەش هەوەی زیندووکردنەوەی حوکمی بنەماڵەدەرەت ولەهەندە ناوچەش ئەم سیستەمچەسپاوە.. دەبەت گەلان چیتر واز لەکەوزانەوەی بەردەم ئاگەیاندنکان بهێنەت کەمن وەک بارانی بەهاردەتەپش چاوم هەندە جاربەلەزەمدادەبارن هەندە کاتیش هەمیشەئاسمانیان سامانچونکە هەمیشەدەن : یەکەتی ئامادنیەکەوتنکەی نەوانمان جێبەجێبکات یان دەن : پارتی قفەی داوەلەپەرلەمان و وەزیرکانی ئەمەی ناردتوە ماوە ! ئەگەرگەلان ئەم کارانوچەندین کاری باشتربۆئاستەی باشترکردنی خراپی گوزەرانی هاوڵاتیان نەکات کەوابەت هیچ جیاوازیەک نابینم لەنەوان هەرپێنج لایەنکەی ناوحکومەت چونکە لەئێستادا هاوڵاتیان وەک تاڵانچی تەماشای حکومەت دەکەن.

سپیبوونەوە … نە ژاد عزیز سورم

(1)
گەانەوەی بارانە .
بەهمەنی بەفرە سووڕەکە
کەس نەماپچی نەدا
کەو ،
ئاسك ،
کارە وردیلەکان ،
تەنانەت چاوەوانی و
شەرمی ئەفسانەیی کچانی لادش …
کەس نەما .. (کە) نەبە .
ئەوەی نهنی لە لا بوو
بە یاوەر .. بە هاواروبانگ
بە نژدەوان بوو ..
وەسا بوو ،
پەنگکی مایی ، پاسەوانی تاریکی
تی تیا نووستی ، نوقمی نەبانی ..
شاش ببووی ، بە ئامان ..

(2)
گەانەوەی بارانە .
ئاوەدانییە .
بدار بوویەوە ،
خت تەنیا بینی :
(ئەوە برادەرایەتی نییە
هاوەکانت جت بن..)
بە کو دەچن؟
وەرزی گەانەوەی بارانە
ئاشی دیان پە نانرتەوە
ف بوو ..
(هیپمینس) بەهزی بازوو

گرەوی لە (ئەتلانتا) نەبردەوە
هیچ مینس گرەوی لە بایش دەبردەوە .
ئەتلانتا خۆی وای دەویست
ئاشی دیان پێ نانرێتەوە
وەرزی گەڵانەوەی بارانە .
(3)
ئاهەنگی جۆژنی لەدایك بوون نییە
گەڵانەوەی بارانە
پێوەدان نییە
چزووی پەشمەستی بەفراوییە ..
خەمەکان بڵاوبوونەتەوە ..
مەیدانی سەرك چۆل کراوە
خەبەرت هەیە (کلێدیس)
لە سەرەمەرگایە.. دەمرێ ؟
1/1986

بۆ تۆ … سەردار جاف

لە سەفەری رەنگەکانا
چاوەنوارم
فڕچە دەستی نیگارکێشێ
لە دەرگای حەزەکانم با
پەیامی خوای ئیشق بێ و
خۆی تەیار دا
لە مەڵتکەی کۆمی ئاڵا
لە دەسرازەی چاوی خومار
لە باڵا لاولاوی لۆڵۆ
بە قامەتی گەردن بەرزی تەدارەکێ
ئاڵاند بێ
لە کاروانی گەڵانەوە
دەبێتە دەنگی ناوازە
چەپکێ حەزی سەرشێتی دێ
بوخچەیەك ماچی گێ گرتووی

شتێی لێو
باوەشێ هەناری سەمام
لە کێ دەنێ
عەرشی لە خاواریی پێ کرد
ئەوە قەدەری ئەوینە
بێ ئامێزی سینەی نەرمی
ناماند بێ

ئەمانیا
2017 / 5 / 19

قەستنێوەی منداڵان بێ سواڵکردن تاوانێ... رێزا شوان

سواڵکردن دیاردەیەکی کۆنی ناشارستانی و نامرۆڤایەتییە کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. سواڵکەران لە هەموو وڵاتێکدا هەن، شێوە و شێوازی سواڵکردنیش زۆرە.. سواڵکردن دیاردەیەکی ترسناکە و ئەنجامێکی نەرێنی و مەترسیداری لەسەر ئەمە و داهاتووی کەمەگادا هەیە.. هۆکاری سەرەکی سواڵکردنیش نەبوونی و هەژاری و بێکاری و برسێتییە.. بەڵام بە داخەوە لەم دواییەدا بەشێکی زۆری سواڵکەران سنووری شەرم و شوورەییان بەزاندووە و ئالوودەی سواڵکردن بوونە و، سواڵکردن بووە بە پیشەی رۆژانەیان.. گەر ئیشیشیان بە هەبکەوێت ئیش ناکەن و سەڵکردنیان پێ خۆشترە.
ئەوەی ئەمە لەم نووسینەماندا مەبەستمانە، بۆکارهێنانی منداڵانە بە سواڵ پەوەکردن و ساوەکردن پێیانەوە کە سواڵکەرێ پیشەییەکان دەپاکی و ساوڵکەیی و نەزانی منداڵانیان قەستوونەتەوە و بە پارە پەیداکردن دەیان چەوسێننەوە و بازرگانییان پێوە دەکەن.. ئەم منداڵانانە دەپاک و بێتاوانن، هەشتا باش و خراپ، راست و هەڵە لێک ناکەنەوە.

لە ئەمڕۆدا لە شارەکانی ئەو عێراق و کوردستانەی کە لەسەر دەریایەکی نەوت و گازی سروشتیدان، بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەی

سواکەران زیادیان کردووە و لە زیادبوون دان.. بە هۆی نەداری و هەژاری و بێکاری و لێک جیابوونەوەی ژن و پیاوەوە.. بە تایبەتیش رێژەی سواکەرانی ژنان و منداڵان زۆر زیادیان کردووە.. وەکو وتمان سواکردن بۆتە پیشەیەکی ئاسانی سواکەرە خووگرتووەکان.. ئەم ژنە سواکەرانە بە ڕاکێشانی سەز و بەزەیی خەڵکانی خۆرخواز، منداڵانی کەرپە و ساوا و منداڵانی خاوەن پەداویستییە تایبەتییەکان بەکاردەهێنن.. لە قرچەی هاوین و لە چلەی زستاندا بە ڕووتی یا بە جل وبەرگێکی تەنک و دڕاو و چڕکنەوە، ئەو کەرپە و ساوا ناسک و بێتاوانانە، لەسەر شەسەی شەقامەکانی شارەکان درێژیان دەکەن. بە ئەنقەستیش برسییان دەکەن، تا بگرین و بکوزێنەوە و بنووزێنەوە و خەڵکی بەزەیی پێیانبێتەوە.. زۆربەیان منداڵی خێیان نین، بەڕانبەر بە پارەیەکی ڕۆژانەی کەم لە خەزانە هەژار و نەبوونەکان بە کرێیان گرتوون.. ئەم منداڵانە تووشی نەخۆشی جەستەیی و دەروونی بوونە و دەبن.

بەگەمان لە ئەمەدا، چەندین تەن و گروپی مافیای بۆوژدان و بێهۆشت هەن، کە بازرگانی بە منداڵانەوە دەکەن، بە بێ پارەیەکی کەم سواڵیان پێدەکەن، یا بە دزی و کاری ناڕەوا و نەشیاو بە کاریان دەهێنن.. لەوانەیە دەستدرێژیش بکەنە سەریان، ئەو منداڵە ناسک و هەناسسارد و بەدبەخت و بێنازانە، کە لە تەمەنی چرۆ و خونچەدان.. لە مافی خوێندن و فێربوون، لە خۆشی و شادی، لە یاری و خێندە و پێکەنین، لە سەز و خۆشەویستی، لە خۆشیەکانی تافی منداڵییەتی بێبەشن.. وەکو منداڵێکی ئاسایی ناژین و، بە دروستی گەش و پەروەردە ناکرێن.. فێری فێوفێڵ و درۆ و کاری ناپەسەندیان دەکەن.. خەڵکیش بە چاوێکی سووکەوە لێیان دەڕوانن. ئەم ساوا و منداڵە سواکەرانە تووشی گرێی دەروونی دەبن و نابنە کەسایەتیەکی ئاسایی و، رقییان لە کەمەگاکەیان دەبێتەوە.. دەبنە زەمینەیەکی لەباریش بۆ ئەوەی کە لە ڕە دەربچن و، کەسانێکی تاوانباریان لێهەبکەوێت و جارەها تاوان ئەنجام بدەن.. یا تووشی مادە هۆشبەرەکان ببن و بازرگانییان پێوە بکەن.. بە کورتی نەوەیەکی سەقەتیان لێدەتە کایەوە.

لە وڵاتی ئەمەدا، تا ئێستا یاسایەک نییە، کە منداڵان لەو گروپ و تەڵە مافیانە بپارێزێت و سزایی یاسایی ئەو توانبارانە بدەن، کە دێپاکی و ساوڵکەیی منداڵان دەقۆزنەوە و بە سواکردن و کاری نەشیاو بەکاریان دەهێنن.. ئەمەش شوورەیی و شەرمەزارییە بە حکوومەتی دەسەڵاتدار.. لە داهاتوودا باجێکی زۆری ئەم گوێ پێنەدان

و پراوێزکردنی دادینەوە..؟ کوا رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان..؟ کوا لیژنەی مافەکانی منداڵ و خەزان لە پەرلەمانی کوردستان..؟ بە هیچ هەڵوەستەکیان نییە..؟! بە ویژدانتان مردووە و بەزەییتان بەو منداڵە ناسکە بەدبەختانەدا نایەتەوە..؟! لە ئامەدا تەنها لە شاری سلێمانیدا نزیکەی (٤٥٠) منداڵ، لە شاری کەرکوکدا زیاتر لە (٣٥٠) منداڵ، لە شاری هەولێریشدا نزیکەی (٤٠٠) منداڵ، کە تەمەنیان لە نێوان هەشت بۆ شانزە ساڵانن، لەسەر شەقامەکاندا کاری دەستگیرەی دەکەن یان لەسەر عەرەبانە شت دەفرۆشن.. یا پێاو بۆیەدەکەن، عەلاگ دەفرۆشن.. زەربەیان نەچوونەتە قوتابخانە یا لەبەر هەژاری و نەبوونی و، دابین نەکردنی پێداویستییەکان، ناچار بوونە کە واز لە خوێندن بهێنن.
لە هەموو یاسا ناوخۆییەکانی دەوڵەتان و، نێودەوڵەتیدا، قوستنەوەی منداڵان بۆ سواڵ پێکردن یا سواڵکردن پێیانەوە بە تاوان دادەنرێت، سزای تاوانبارانی ئەم تاوانە دەدەن.
مانگی رابردوو لە کەرکوک بووم، لە شەقامی پزیشکان کە قەڵەباغترین شەقامی شاری کەرکوکە.. زیاتر لە دوانزە جار ئەم دیمەنە دەتەزێنەم بە چاوی خەم بینی.. کە ژنێکی سواڵکەری عەرەب کە تەمەنی چل و پێنج ساڵ دەبوو، بە بەرچاوی پۆلیسی کەرکوکەوە لە ناوەڕاسی شەقامی پزیشکان دانیشتبوو، لە بەردەمی خێدا چوار منداڵی لەسەر پشت درێژکردبوون، تەمەنی دوانیان لە نێوان حەوت مانگ بۆ نۆ مانگ دەبوون، ئەو دوانەی تریان لە ساڵ زیاتر بوون، منداڵەکان دەنوزانەوە، زۆر بەزار و سۆغەت بوون.. رەنگە برسییان بووبێ، یا ئازاری جەستەییان هەبێت.. گومانم هەیە کەمندالی خێی بن، رەنگە لە خەزانە هەژارەکان بکەنی گرتووبن بۆ مەبەستی سواڵکردن.

هەر لە کەرکوک، لەسەر پردی دووەم ژنێکی تری عەرەب منداڵێکی کوێی سێ ساڵانی لە بەردەم خۆدا دانابوو، سکی منداڵەکەی ڕووت کردبوو، منداڵەکە نەشتەرگەری بە کرابوو.. پانزە تەقە زیاتر بە سکی منداڵەکەوە دیاربوو.. هەندە خۆر لە سکی ئەو منداڵەی دابوو.. ڕەنگی پێستی سکی قاوەیی ببوو.. لەوانەشە ژنە سواڵکەرەکە بە مکیاج ڕەنگی سکی قاوەیی کردووبێت.. من وا هەستم کرد کە خۆر سووتاندبووی.
ئەمانە و چەندین چیرۆک و دیمەنی تری هاوشێوەی ئەو دوو سواڵکەرم لە شاری سلێمانی و هەولێریش بینی، کە منداڵان بوونەتە کەرەستەی سواڵکردن.. بەشێک لەو ئافرەتانە لە ئاوارەکانی سوریا و خواروی عێراق بوون.. هەندەکیان تەمەنیان لە نێوان بیست بە سی ساڵان

دەبوون و هەموشیان منداڵی ساوایان پێ بوو.. گەچێ پێکردن و قسە و توانجی هەرزەکارانیش بەم ئافرەتانە لە لایەکی تریەوە.

بە دڵیان منداڵانی ناسکیش کە تەمەنیان لە هەشت بۆ دوانگزە و سیانزە ساڵان دەبوون، بۆ نمونە ئەتەمبێلەکانی سەر شەقامەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوکدا پێچیان دەکردەوە و لە شەفەرەکان دەپاڵانەوە تا پاکەتێک کلینکسیان لێبکڕن.. لەسەر نیوەی ئەو منداڵانە منداڵی کورد بوون.. نەبوونی و ڕەشووتیان پێوە دیاربوو.

هەموو ئەمانە تاوانن و پشێلکردنێکی زەقی مافەکانی منداڵانن.. بە پلەی یەکەمیش ئەبابیان لە ئەستۆی حکوومەت دایە.. مەبەستیشم حکوومەتی عێراق و کوردستانیشە.. هیوادارم بە جددی و دەسزی و سزەوە پەرلەمان و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕەکخراوی منداڵپارێزی کوردستان و هەر هەموو ئەو ڕەکخراوانەی کە داکۆکی لە مافەکانی منداڵان دەکەن.. هەموو ئەو کەسانەش کە خەیان بە خەمخۆری منداڵان دەزانن و هیواخوازی داهاتووێکی گەشتر و شیاوترن بۆ کورد و کوردستان.. بۆنە سەرخۆت و، هەوەستی جددییان هەبێت و بەدەنگ نەبن بەرانبەر بەم تاوانانەی لە منداڵان دەکرێن.

ڕەزا شوان
نەرویج:(٢١ی/ ئایار/٢٠١٧)

پرسیار ... دەرمان مەعروف

لە دوای قووماڵ شەراب، بەدەم خەیاڵەوە..
جگەرەیەکم داگیرساند!
خەیاڵم بە فیزکەوە پێی وتم: ئەزانی ماڵی "پرسیار" لە کوێیە؟
لەناو خەمدا کوتمە گیان.. هیچم نەدزیەوە!
ئیتر بە ڕەحمکی ماندووە هاتمە دەرەوەی خەم و
بە خەیاڵ خەم کرد بە وەاتی (گریک)دا
لەوێ لە دووای هەواڵپرسین، ماڵی (پرسیار)م دزیەوە!
لە دامێنی (پارتینەن) ئەشکەوتکی ڕووخاوم بینی..
لەی نووسراو بوو (کونکەی سوکرات)

لە وەڵامدا بە خەیاڵم وت: بە قەزا بیت، هەی بە مروەت، پێکە ژەهرەکەی (سوکرات) دووایین ماڵی پرسیارە!